# ئاران

## گۆڤارێکی رۆشنبیری گشتی سەربەخۆیە



ژمارە (١)ی شوباتی ساڵی ١٩٩٦ ی زایینی



## زنجیرەی بابەتەکان

١ـ سەرووتار ...
٢ـ کوردستان لەنێوان یەک پارچەیی خاکی عێراق و دەوڵەتی کوردیدا.
٣ـ ریپۆرتاژی کەلاوێژ ئەندامی پەرلەمانی کوردستان .
٤ـ کلاو رۆژنەیەک بۆ ناوپەروەردەی هاوچەرخ .
٥ـ ئاواتە شێت بەکپی ماڵئاوایی لەچەمچەماڵ کرد.
٦ـ کۆچ ـ نووقڵە ماچ.
٧ـ کوزانی ناموێی.
٨ـ گەشت ـ گلەیی.
٩ـ مامۆستاکەم.
١٠ـ ریپۆرتاژی محمد نوری توفیق.
١١ـ خوێندنەوەیەکی کورتی سێگەر و پاریس.
١٢ـ ترۆیدو سۆریالیزم.
١٣ـ مێژووی چەمچەماڵ.
١٤ـ چەمچەماڵ لەمێژوودا وێستگەی زۆربەی ناوداران بووە/ سید هاشم

DENGE MEZOPOTAMYA
☎ 00325364882 7-29
SW 11530/15675
WWW.DENGE-MEZOPOTAMYA

# ناران گۆڤارێکی رۆشنبیری گشتی

## سەربەخۆیە

دەستەیەک لەرۆشنبیرانی چەمچەماڵ

# ناو بە ناو دەری دەکەن

## دەستەی نوسەران

محمد نوری توفیق
ئەنوەر عومەر
ئارف قوربانی
لطیف فاتح فرج
مهدی برزنجی
سامال ساهر کریم
محمد کاکەرەش

هەواڵنامەی کتێب

# سەروتار

خوێنەرانی بەڕێز ! لەگەڵ داگیر کردنی خاکەکەمان و چەوسانەوەی نەتەوەکەماندا ، بۆ سڕینەوەی سیمای نەتەوایەتی گەلەکەمان . دوژمنانی داگیرکەر هەمیشە هەوڵی سڕینەوەی مێژوو کەلتور و کەلەپورو رۆشنبیریمانیان داوە .

لە بەرامبەر ئەمەش دا هاوشانی شۆڕشە یەک لە دوای یەکەکانمان . خاوەنی قەڵەمە ڕەسەنەکانی کورد .. سەنگەریان لە دوژمنان گرتووەو و بە نووکی خامە ڕەنگینەکانیان ئەو خەونەی دوژمنانیان پووچەڵ کردۆتەوە . لە مێژووی ئەدەبیاتی گەلەکەماندا هەر لە ئەحمەدی خانیەوە تا دەگاتە حاجی قادرو دەیانی تر . نموونەی شۆڕشگێڕیو هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی لە بەرهەمەکانیان ڕەنگی داوەتەوە .

لە کۆتایی سەدەی ( ١٩ ) دا لە ساڵی ( ١٨٩٨ ) بنەماڵەی بەدرخانیەکان زەنگی یەکەم ڕۆژنامەی کوردیان دا بە گوێ ی دۆست و دوژمنانی نەتەوەکەمان و بەمەش بزاڤی ڕۆشنبیری کوردی قۆناغێکی زۆری بڕیو لە دوای ئەم هەنگاوەش دەیان هەنگاوی تری بە دوادا هات .

وا ئەمڕۆش لەم قۆناغەی ئەمڕۆی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی دا بزووتنەوەی ڕۆشنبیری خۆی لەسەر قافڵەی کاروانەکەدادەبینێتەوە ... چەندین ڕۆژنامەی ( ڕۆژانەو هەفتانەو مانگانەو ) بە دەیان کۆڤارو بڵاوکراوەی تایبەت بە بوارە جیاجیاکانیزانستو ئەدەبو سیاسەت و ئابووری و ... هتد ، لە کوردستانی ئازادا دەردەکرێت .

شاری چەمچەماڵیش کەم تا زۆر بەشداری بزووتنە وەی ڕۆشنبیری کوردیان کردوە . لە ناوەڕاستی ئەم سەدەیەدا مامۆستا شاکر فتاح " کۆمەڵە ڕۆژنامەی چەمچەماڵی دەرکردوە " . لە سەرەتای شەستەکانیشدا دەستەیەک لە ڕۆشنبیرانی ئەو شارە بڵاوکراوەیەکیان بە دەستنووس بە ناوی ( بێ ئیش ) ەوە بڵاوکردۆتەوە .

لەگەڵ هاتنە سەر کاری ڕژێمی شوڤێنی بەعسدا ئیتر ئەو بوارانە لەبار چوون کە روناکبیران بتوانن بە ئازادانە کۆڕو دەستە پێک بهێنن و خزمەتی بزاڤی ڕۆشنبیری کوردی بکەن ... هەر چەندە لەو ڕۆژگارە سەختانەشدا ڕۆشنبیرانی کورد کۆڵیان نەداوەو کۆمەڵی خزمەتیان بە ئەدە بیاتی کورد کردوە .

بەڵام چەمچەماڵ ئەو بوارە بۆ ڕۆشنبیرانی نەڕەخساوە . کە

لەو مەیدانەدا ئەسپی خۆیان تاو بدەن ئەمە لە دڵیاندا تەتیی مازو تا راپەڕینە شکۆدارەکەی ساڵی ١٩٩١ .. پاش ئەوەو لە ساڵی ( ١٩٩٢ ) دا دەستەیەک لە خەمخۆرانی ئەو بوارە لە چەمچەماڵدا بایەی ئـــازادی کوردستاندا کۆڤارێکیان بە ناوی ( چەرمووو ) ەوە بڵاو کردەوە .
کە ئەمەش نەیتوانی تینوێتی رۆشنبیرانی ئەو شارە بشکێنی و هیوا و ئاواتەکانیان بهێننە دی ... هەر زوو پاش دوو ژمارە مۆمی تەمەنـــی کوژایـــەوە .

بەڵام وا جارێکی تر دەستەیەک لە رووناکبیرانی چەمچەماڵ .بازووی هیمەتیان هەڵماڵی‌و کۆڤاری (( ئاران ))مان کردە دیاری بۆ سەر کۆشکی زێڕینی بزاڤی رۆشنبیری کوردی ... بە ئومێدین بتوانین لۆکەیە لـــە دەریای رۆشنبیری هەڵکێشین‌و بتکێنینە سەر شەقاری لێوی ووشـــک هـــەڵاتـووی رووناکبیرانمـــان .

(( دەســـتەی نووســـەران ))

# کوردستان لەنێوان یەکپارچەی خاکی عێراق و دەوڵەتی کوردیدا.

عارف قوربانی

لەو کاتەوەی بەشێکی کوردستان لکێنرا بە عێراقی عەرەبیەوە و بوو بە بەشێک لە نیشتمانی عەرەبی ، ئیتر گەلی کورد بە درێژایی ئەو مێژووە تا ڕاپەرینی ساڵی ( ١٩٩١ ) بە بچوکترین مافی نەتەوایەتی نەگەیشتووە و لە ساڵی ( ٦١ ) یشەوە بۆ ماوەی سی ساڵ خەباتی چەکدارانەی درێژە پێداوە لە پێناوی بە دەست هێنانی مافە نەتەوایەتیەکانیدا . لە بەرامبەر ئەوەشدا بە توندترین وتازەترین شێوازی هونەری جەنگ وەڵامی دراوەتەوە .. ئەمە لە کاتێکدا کە گەلی کورد داخوازیو دروشمەکانیان بە دەست هێنانی هەندی مافی نەتەوایەتی بوو لە چوارچێوەی عێراقدا .. ( ١٤ ) ساڵی خولی یەکەمی شورش لە وەڵامی ( ئۆتۆنۆمی ) دا ئاشبەتاڵ بە شۆڕشەکەی کراوەو لە خولی دووەمی شۆڕشیشدا بەرامبەر داوای ( دیموکراسی بۆ عێراق و مافی چارەی خۆنووسین ) بە چەکی کیمیایی مامڵەی لەگەڵدا کراوە .

بەر لە هەڵگیرساندنی شۆڕشیش رژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق . هەر لە هەوڵی سڕینەوەی سیمای نەتەوایەتی دا بوون ،واتا شۆڕش بۆ بەرگری لە مانەوە دروست بووە ..وبە پێی عەقڵی سەرکردایەتی شۆڕشو دیدو بۆچونیان بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کورد ئەو داخوازیانەیان بە ڕێگە چارە زانیوە .

لەگەڵ شکستە سەربازیەکەی عێراق لە جەنگی کەنداودا ، دەرفەتی ئەوە بۆ گەلانی عێراق رەخسا کە لە دژی رژێمەکەی‌صدام راپەڕن ئەوە بوو لە ( ١ ) ی ئازاری ساڵی ( ١٩٩١ ) دا لە شاری بەسرە یەکەم چەخماخەی‌راپەڕین لێ دراو زۆری نەبرد سەرتاپای باشووری عێراقی گرتەوە و پاشان لە کوردستانیشدا کڵپەی راپەڕین گڕی سەندو لە ماوەی کەمتر لە ( ٢ ) هەفتەدا زۆربەی خاکی کوردستان بە شاری کەرکوکیشەوە ئازاد کرا .

لە ئەنجامی‌کاردانەوەی رژێم دژ بە راپەڕین . دانیشتوانی کوردستان کۆچی بە کۆمەڵیان کرد بۆ ئێرانو تورکیا ، بەمەش گەلی کورد دەستکەوتێکی مەزنی بە دەست هێنا ، ئەویش جووڵانێکی دەولی بوو بۆ پارێزگاری کورد لە دەست رژێمی بەعس . کە بڕیاری ( ٦٨٨ ) ی لێ کەوتەوە ئەمە لە لایەک ، لە لایەکی تریشەوەکێشەی کوردو مەینەتیەکانی بە رای گشتی دونیا گەیاند ... لەگەڵ ئەوەشدا سەرکردایەتی بەرەی

کوردستانی لە ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراودا ئەو عەرزەی قبوڵ کرد کە بەعس بۆ سەرکردایەتی کوردی کرد بوو دەربارەی گفتوگۆی سیاسی دەربارەی کێشەی کورد لە عێراق دا .

کە دەکرا سەرکردایەتی بەرە لە بری چوونی بۆ بەغداو گفتوگۆ لە سەر برگەکانی بەیانی ساڵی ( ١٩٧٠ ) هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەت و دروستکردنی کیانی کوردی بدایا . چونکە دەرفەتێکی وای دەولی بۆ هیچ نەتەوەیەک نەڕەخساوە کە سۆزی هەرچی گەلانی دونیا هەیە بەلای کێشەکەیدا بچێت بۆیە دەبوو بڕیاری ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی بدرایا
٢ ئەو کاتە نە عێراق و نە هیچ هێزێکی ناوچەکە نەیان ئەتوانی پەلاماری کورد بدەن و کۆچ ڕەوێکی تری لەو جۆرە دروست بکەنەوە ، چونکە کاردانەوەکەی و ڕای گشتی نێو دەوڵەتی بە گرانتر لەسەریان دەوەستا لە دەوڵەتی کوردی .

بەرەی کوردستانی وەک لە بەرنامەیدا نەبوو باس لەسەربەخۆیی دەوڵەت بکات و زووتریش کاریان بۆ نەکرد بوو ، نەیانتوانی ئەو هەلەی کە بە ( فەصڵی مێژووی کورد دادەنرێت ) بقۆزنەوەو سەربەخۆیی کوردی تێدا ڕابگەیەنن چونکە لە دروست بوونی حزبەکانو هەڵگیرسانی شۆڕش دا لە چاوەڕوانیدا نەبووە کە ڕێکەوتێکی وا هەڵکەوێت ، عێراق بکەوێتە بەر شاڵاوی سوپای هاوپەیمانەکانەوە .

لە پاش گوشارێکی زۆری نێو دەوڵەتیو درێژە دانی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لە گەرمیانو سلێمانیدا ، ڕژێم ناچار بوو سوپاکەی لە هەندێ ناوچەی کوردستان بکێشێتەوەو پاشان ئیداراتو ... دواتر ئابڵوقەی ئابووری خستە سەر کوردستان ، ئەمەش دەرفەتەکەی گەورەتر کردەوە . کە بەرەی کوردستانی بیر لەوە بکاتەوە خۆی حوکمڕانی کوردستان بکاتو ئەو بۆشاییە ئیداریە پڕ بکاتەوە .. بۆیە بڕیاری هەڵبژاردنی پەرلەمانی دا .. هەڵبژاردنی پەرلەمانیش لەو کاتو ساتەدا و بەو شێوازە دیموکراسیەی کە بووە جێی سەرسوڕمانی زۆربەی چاوەدێرانو سیاسەتمەدارانی نێو دەوڵەتیکە لە چاوەڕوانیاندا نەبوو میللەتێکی وەکو کورد کە تەمەنێکی زۆری لە ژێر دەستەڵاتی ڕژێمی دیکتاتۆری عێراقدا بەسەر بردووە . لە خێراییەکی وا کتوپڕ دا بەو شێوە ئازادانەیە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان هەڵبژێرن .ئەمەش ئەوەندەی تر کوردی لە لای گەلانی دونیاو دیموکراتخوازان خۆشەویست تر کرد ، کوردو کوردستانیان بە بنکەی دیموکراسی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست ناو دەبرد و لە زۆر کۆڕی ڕۆژنامەگەریو بۆنەدا ئاماژەیان بەوە دەکرد کە تۆوی دیموکراسیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا چاندو دەبێ گەشەی پێ بدەینو بیپارێزین .

ئەمانە هەموو بواری ڕەخساو بوون کە عەقڵی سیاسی کوردی بیان قۆزیتەوەو بیانکات بە پاڵپشتو بڕیاری چارەنووسی گەلی کوردیمان بدایا .. من هۆی سەرەکی ڕانەگەیاندنی دەوڵەت دەگەڕێنمەوە بۆ دوو هۆی سەرەکی : یەکەمیان نەبوونی ناوەندی بڕیاردەر کە بتوانێت قراری سیاسی بدا . هۆکاری دووەم سەرانی بزووتنەوەکە(جورئەتی)ئەوەیان نەبوو ئەو بڕیارە بدەن . بوارەکان هەموو ڕەخساو بوون تەنها عەقڵیەتە سیاسیەکە نەبێت .. کاتێ پەرلەمان بڕیاری دا حکومەتی هەرێم فیدراڵی بێت داگیرکەرانی کوردستان ، دەنگی نارەزاییان لێ بەرز بووەوە ، بەڵام نارەزایی هیچ کام لەم حکومەتانە کاری نەکردە سەر دۆستانی کورد و لە هاوکاریەکانیان پاشەگز نەبوونەوە .. لەو کاتەدا فرانسۆ میتران سەرۆک کۆماری فەرەنسا لە کۆڕێکی ڕۆژنامەگەریدا لێیان پرسی چی بە چاک دەزانی بۆ کوردان ) لە وەڵامدا گوتی : ئەوان خۆیان هەر چیەک بە چاک بزانن ، من پشتگیریان لێدەکەم.. ئەندامێکی کۆنگریسی ئەمەریکی لە ووتارێکدا نووسیبووی : ئێمە نامانەوێ ببین بە پارێزەر بۆ کورد . خۆیان دەتوانن داواکانیان بە ئاکام بگەیەنن و ئێمەش پشتیوانیان لێ دەکەین و ناهێڵین جارێکی تر تووشی مەینەتی ببنەوە . معمر قەزافی سەرکردەی لیبیا لە ڕاگەیاندنێکدا ووتی: گەلی کورد خاوەنی‌نیشتمانو کەلتوری خۆیانن مافی ئەوەیان هەیە دەوڵەتیان هەبێت .

نیلسون ماندێلای سەرۆکی ئەفریقیای باشوور لە مەراسیمێکدا گوتی: گەلی کورد دەبێ هەوڵبدات کێشەکەی بکات بە ئەمری واقیع لە بەردەم زلهێزەکانی دونیاو رای گشتی نێودەوڵەتیدا . هەر بە نموونەش خۆی هێنایەوە کە بە درێژایی مێژووی خەباتی بە (ارهاب ) لە قەڵەم دەدراو پاش سەرکەوتنی ئیرادەی گەلەکەو خەباتی سیاسی خەڵاتی نوبلی جیهانیان پێ بەخشی. گەلی کوردیش کە ئەمڕۆ بە جودا خواز لە قەڵەم دەدرێ ، ئەوا مافێکی خۆیەتیو دەتوانی بە ئیرادەی گەلەکەی کێشەکەی بکات بە ئەمری واقیع..(دەوڵەتی‌تورک بانگهێشتی نیلسون ماندێلای کرد ، بۆ ئەوەی خەڵاتی ئەتاتورکی پێشکەش بکەن)لە وەڵامدا ووتی :(تا دەوڵەتی تورکو گەلی تورک ، گەلی کورد بچەوسێنەوە من خەڵات وەرناگرم) ئەمە هەڵوێستی ڕەشپێستێکی ئەفریقیە بەرامبەر بە کێشەی کورد (کەچی ئێمە نەک ئەو هەڵوێستەمان لێ ناوەشێتەوە ئامادەی نۆکەری کردنیشین بۆ دوژمنانی گەلەکەمان ، ئەگەر هاوکاریو کۆمەکمان بکەن). ئێمە وەک کورد لە رابردومانەوە تاکو ئێستاش پێمان نەنگیە پێ لە هەڵەکانی خۆمان بنێینو هەوڵ دەین دووبارەیان نەکەینەوە . کەچی بە درێژایی مێژوومانەدا چووەتە خوارەوە و هەمیشەش پاساومان بۆ هێناوەتەوە .

ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی لەو سەروبەندەدا هەڵەیەکی مێژوویی گەورە بوو، چونکە گەلی کورد کاتێ هەوڵی ئیبادە کردنی دەدرا لەسەر ئەوە نەبوو کە داوای دەوڵەت دەکات.. شۆڕشمان نەبوو ، هەوڵی سڕینەوەی سیمای نەتەوایەتیان دەداین .

ووتمان - ئۆتۆنۆمی - بە هەمان شێوەو لە بەرامبەر فیدرالیش دا بیان گوتایە دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستان(ئەوە عێراق هەر هەمان هەڵوێستی ئێستای دەبوو . تورکیاو ئیرانیش لە ئێستا زیاتریان پێ نە ئەکرا) ئەوە نەکراو بە دیدو بۆچوونی سەرانی بزووتنەوەکەو ئەنجامی هەڵبژاردنەکە حوکمداریێتی کوردستان بەوە پەسندکرا ، کە پارتیو یەکێتی پێکەوە حوکمڕانی کوردستان بگرنە دەست .(لە ئەنجامی جیاوازی بۆ چوونی هەردوولا لە شێوازی بەڕێوەبردنی حوکمو چارەسەرکردنی کێشەکاندا).. نارێکیو ناکۆکی کەوتە نێوو بەڕێوەبردنەوەو ئاکام گەیشتە هەڵگیرساندنی شەڕێکی ناوخۆیی توندی نێوان یەکێتیو پارتی .

کە بە هەڵگیرساندنی ئەم شەڕەش ئەو دەرفەتانەی کە بۆ بەرەو پێش چوونی بزاڤی کوردیو سەربەخۆیی نەک هەر لەبارچوون بگرە ئەو دەسکەوتانەی کە هەش بوون کەووتنە مەترسی لەناو چوونەوە .

بەڵام دۆستەکانمان لەخۆمان دڵسۆزانەتر بۆ مەسەلەی کورد کەوتنە هەوڵ دان بۆکۆتایی پێ هێنانی شەڕی ناوخۆی کوردستان ئەوەبوو فەرەنسا. وەک دۆستێکی دێرینی کورد پرۆژەی ڕێکەوتنێکی خستە پێش هەر دوولای شەڕ کەر بۆ کۆتایی پێ هێنان بەشەڕو چارەکردنی گیروگرفتەکانی ناوخۆیی کوردستان . کە یەکێک لە خاڵە هەرە گرنگەکانی ئەوەبوو (کە فرانسۆ میتران لەگەڵ سەرۆکی ئەمەریکاو بەریتانیا قسە دەکاتو هەوڵ دەدات ئابڵۆقەی ئابووری سەر کوردستان هەڵ بگیرێت) کە لە جەنگی کەنداوداو بەتێکرایی دەنگی ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێوو دەوڵەتی خرابووە سەر عێراق . ئێستا لە کاتێکدا هەوڵی لابردنی ئەو ئابڵۆقەیە بدرێت لەسەر بەشێکی عێراق . ئەوە خۆی بۆ خۆی جیا کردنەوەی کوردستان بوو لە عێراق لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە .. بڕگەکانی تری ڕێکەوتنەکە هیچ کام لەمەکەمتر نەبوون بۆ کورد . بەڵام ئەمەش بە دەردی پەیمانی سیڤەر چوو .. بەڵام لەمیاندا کورد خۆی هۆکاری لە . بار بردنی بوو ..! ئەم هەموو هەوڵانەش با بچنە سەر پەڕاوی دەوڵەمەندی هەڵەکانی تری مێژووی گەلەکەمان .

بەڵام دەکرێت گەلی کورد بیرێک لە خۆی بکاتەوە چیتر دەرفەت لە دەست نەدات . ئەگەر ئێستا دەیان هەوڵو پرۆژەی ترو دەرفەتی تر بڕەخسێن ئەوا بە هەمان دەرد دەچن . ئەوەی لە دوایان بەجێ دەمێنێ تەنها دەوڵەمەند کردنی دووبارە بوونەوەی مێژوومانە .

بۆیە دەکرێت گەلی کورد لە ئێستاوە تەنگ بە عەقلی سیاسی خۆی هەڵچنێت ، سەرانی سیاسی خۆی ملکەچی کۆبونەوەیەکی نەتەوەییی بکات کە تیایدا بڕیاری ئەوە بدرێت کورد لە ئێستا بە دواوە چی بکات‌و چۆن خەباتی یەکبخات‌لە چوارچێوەیەکی نەتەوەیی‌و بۆ نەتەوەکەی خەبات بکات‌و ناوەندی بڕیار پەرلەمان‌و حکومەتی‌کوردستان بێت . نەک بڕیار لە دەرەوەی ئەم دەزگا شەرعیانەوە بێت (دەبێت سەرانی گەلی کورد بە خێرایی ئاوڕێک لە مێژووی گەلەکەمان بدەنەوەو بە سوود وەرگرتن لە هەڵەو ڕووداوەکانی پێشوترمان‌وخوێندنەوەی‌ئەمڕۆو سبەینێ لە چوارچێوەیەکی واقیع بینانەدا ، بەرنامەی کوردایەتی دابڕێژنەوە کە هیچ کەس‌و حزب‌و لایەنێک لەو بەرنامەیە لا نەدات)،،،،، چونکە دوای ئەو هەموو هەوڵو دەرفەتانە و بە خەسار دانیان ، ئەمڕۆ گەلی کورد لەبەردەم مەترسی گەورە دایە و پێویستی بە وورد بونەوەو خوێندنەوەی هەیە .. خۆ گێل کردنیش لەم واقیع‌و تۆنانە ناسکەی کە ئێستا گەلی کورد لە کوردستانی عێراقدا پێیدا تێپەڕ دەبێت . دوا ڕۆژ لە مێژوودا زۆر بە گران لەسەر سەرکردایەتی ئەمڕۆی بزووتنەوەکەی دەکەوێت .

> خراپترین دەسەڵاتی کورد بۆ خۆیان...
> لە باشترین دەسەڵاتی تورك و عەرەب و
> فارس باشترە بۆیان .
>
> ئیسماعیل بێشکچی

هەواڵنامەی کتێب

# گەلاوێژخان بۆ ئاران دەدوێ



بە هۆی ئەو بارە ناهەموارەی کە ئەمڕۆ خەڵکی شارەکەمانی گرتوتەوە و بێ کاریو بێ دەرامەتی و نەبوونی ئاوو کارەباو دەرمان لە خەستەخانەکاندا خەڵکی چەمچەماڵو ئوردوگای شورش تووشی گەلێک کێشەو نەهامەتی هاتوون وە ڕۆژانە هەزارانکەس بە دەست برسیەتیو قلتو قڕیەوە دەناڵێنن بۆیە بو گەیاندنی گلەییو گازاندەی ئەم خەڵکە رەشو رووتە بە پێویستمان زانی ئەم چاوپێکەوتنە لەگەڵ بەریز ماموستا گەلاوێژ جەباریدا ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بکەین بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری پەرلەمانی کوردستان بکەینەوە و داوایان لێبکەین کە بە هانای ئەو خەڵکە لێقەوماوە وە بێنو کێشەکانیان تا رادەیەکی کەمیش بێت بۆ چارەسەر بکەن .

بەرێز ماموستا گەلاوێژ ئێستا خەڵکی کوردستان بە گشتیو خەڵکی چەمچەماڵیش بە تایبەتی لەبارێکی ئابووری ناهەمواردا دەژین بەرای ئێوە دەبێ پەرلەمان چی بکات بۆ ئەوەی هەندێک لە ...ەینەتیەکانی ئەو خەڵکە کەم بکاتەوە ؟

وەلام ؟ ئێستا بە گشتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەبارێکی ئابووری ناهەمواردا دەژین بە هۆی ئەو ئابلوقە ئابووریانەی کە خراونەتە سەرمان وە دەست بەسەرا گرتنی پارەی کومەک بوەتە هۆی بە پەرپەر دابەش کردنی موچە بەسەر فەرمانبەراندا ئەمەش خۆی لە خۆیدا ستیەکی دروست کردوە لە جموجولی بازار ج جا جێگایەکی وەکو چەمچەماڵ کە خۆی جموجولی بازرگانی تێدا کەمەو هەمووی خەڵکی بێ دەرامەت و پاشماوەی ئەنفالن بۆیە ئێمە وەکو پەرلەمان بریارمان داوە کە لە کێشەکانی هەموو لایەک گوێ بگرینو موناقەشەی بکەین ئەوەی لە توانای حکومەتەکەمان دابێ بۆ بوژاندنەوەی خەڵکی کوردستان بکرێت.

پ) ئێستا هەزاران خێزانی ئەنفالەکان لە چەمچەماڵ دەژین ئایا پەرلەمان هیچ پرۆژەیەکی هەیە بو دەستگیرۆیی ئەو خەڵکە ؟

و ) بە نیسبەت خێزانی ئەنفالەکان ج لە چەمچەماڵ ج لە ئۆردوگاکانی تر ئێمە وەکو کومەڵەی روناکبیریو کۆمەلایەتی پارێزگای کەرکوک ( دەستەی باڵا ) دوای کۆنگرەی کومەڵەکە لە ١٩٩٥/١٢/٢٧ بەستراو لە ١٩٩٥/١٢/٢٩ کۆتایی هات سەردانی بەرێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کرد و داوامان لە بەرێزی کرد کە دەزگایەکمان بۆ دروست بکرێت بەناوی دەزگای ئەنفالو شەهیدان بو ئەوەی هەموو

کێشەکانیان روبەروی ئەم دەزگایە بکرێتەوە ئەوە بوو بەرێزی موانەقەتی کرد بۆیە ئەم دەزگایە کە سەر بە حکومەت ئەبێت . ئومێد دەکەم کێشەکانی ئەنفالەکان لێرە چارەسەر بکرێن .

پ) رۆژانە هەزاران نەخۆش روو لە خەستەخانەکان دەکەن و دەرمان بەشی چارەکێکی ئەو خەڵکە ناکات ئایا ئەم کێشەیە دەکرێت هەروا بحێنێتەوە ؟

و) بە نیسبەت دەرمانی خەستەخانەکان ئەوەی ئاشکرایە کە رژێم دەرمان نانێرێت بۆ کوردستان تەنیا هەندێک رێکخراوی خێرخوازی نەبێت بۆ نموونە رێکخراوی ( IDI ) دەرمان ئەداتە خەستەخانەکان ئەویش پێداویستەکان پر ناکاتەوە هەر بۆ ئەم مەبەستە ئێمە یەکەم جەولە لە خەستەخانەکانی هەولێرەوە دەستمان پێ پێکرد وەکو ( منداڵبوون، منداڵان ، جمهوری ، فریاکەوتن ) هەمویان کێشەی دەرمانیان هەیە بۆیە ئێمە بەڵێنمان داوە کە ئەم کێشەیە روبەروی وەزیری تەندروستی بکەینەوە تا بە هەموو لایەک چارەسەرێکی بۆ بدۆزینەوە .

پ) دەکرێت بزانین ئێستا پەرلەمانی کوردستان رەوشی ( زروفی ) لە چیدایە ؟

و) ئەوەی راستی بێت ماوەی ساڵێک زیاترە پەرلەمان وەکو پێویست بە ئەرکەکانی خۆی هەلنەستاوە چ بە هۆی شەری ناوخۆو چ بە هۆی چوونی برادەرانی لیستی زەرد بۆ مەسیف . ئێمە وەکو فراکسیۆنی سەوز رۆژانە دەوام ئەکەین و پیشەوازی خەڵک ئەکەین و هەندێ ئیشو کاری خەلکی رادەپەرینین و ئێمە لەم ماوەیەدا چەندین جار داوامان لە فراکسیونی زەرد کردوە کە دەست بە کوبونەوە بکەین و پەرلەمان بخرێتەوە گەر بەڵام بە دەنگ داخوازیەکانمانەوە نەهاتوون .

پ) ماموستا ئەگەر کاتی قانوونی پەرلەمان تەواو بوو ئەمجارە چی دەکرێت، ئایا دەکرێت ساڵێکی تریش درێژ بکرێتەوە ؟

و) بەڵێ دەکرێت ماوەی پەرلەمان ساڵێکی تریش درێژ بکرێتەوە چونکە تاکە دەزگایەکە شەرعیەتی هەیە و لەناو خەڵکەوە هەلقولاوە بۆیە ئەبێ وەکو جاری پێشو بیر لەوە بکەینەوە کە ئەم ئەزموونەمان لە دەست نەچێت و برژەوەندی میللەتەکەمان پێش بەرژەوەندی حزبی بخەین .

پ) ئایا ناکرێت ( ینک ) واتە فراکسیۆنی سەوز بە یارمەتی ئەندامانی لیستی مۆر حکومەتێکی تازە پێک بهێنن ؟

و) ئێمە وەکو ( ینک ) هەر دەم دەرگای ئاشتیمان والایە وە لە بەرنامەی ئێمەدا واتە (ینک ) فیکرەی دابەشکردنی کوردستان نیە بو ئیدارەی سۆران و بادینان وەکو هەبووە بەڵکو ( ینک ) لە دروست بوونیەوە ئیمانی بە کوردستانیەت هەیە بە یەکپارچەیی کوردستانی گەورەیە بەڵام ئەگەر پارتی ئەوە بکەنە ئەمری واقیع بە دەنگ ئاشتی

و برايەتيەوە نەيەن‌ئەوا ( ينک ) و ليستی مۆرو حزبە کوردستانيەکـان دەتوانن حکومەتێکی فرە حزبی‌دروست بکەن .

پ) ماموستا ئايا ئێوەش وەکو ژنە پەرلەمانتارێک راتان‌ت چيـــــە بەرامبەر ژنە پەرلەمانتار ( لەيلا زانا ) ؟

و) من وەکو ژنێک شانازی بە لەيلا زاناوە دەکەم من پێم خۆشــــە لە رەگەزەکەی خۆم ژنيکی وا هەڵکەويت ، لاپەرەکانی مێژوو نـــاوی تۆمار بەهۆی هەلويستی قارەمانيەتيەوە بەرامبەر بە ميللەتەکـــەی . گرنگ نيە ئەو ژنە لە کوردستانی تورکيا يا لە ئێران يا سوريا بيـێـت گرنگ ئەوەيە کە ژنێکی کوردەو خەڵاتی ( ساخاروف )ی پێ بەخشراوە و پالێوراوە بۆ خەلاتی نـۆبل ، پاش حوکم دانی لەيلاو هاورێکانـــــی هەلوێستی خوم بە پارچە شيعريک دەربڕی کە لە کوردستانی نـــوێ بلاوم کردەوە لە کاتی خۆيـدا .

ســوپاس ماموسـتا

ســوپاس بـۆ ئێـوەش

شيعری شەهيد شيرزاد جەباری

« وەسـيەت »

هاورێم رەنجـدەر<br>
کۆلنەدەری پەنا سەنگەر<br>
ئەوا من چووم.. دلگیر مەبن<br>
کاروان ئەڕوات ..<br>
ڕاناوەستێ ..

هەواڵنامەی کتێب

# کلاوڕۆژنەیەك بۆ ناو پەروەردەی هاوچەرخ

مەهدی بەرزنجی

بۆ ئەوەی دەروازەیەک لەسەر پرۆژەیەکی نوێی پەروەردەو خوێندن ئاوەڵا کەین کە لەگەڵ چەمکە سیاسیەکانی ئەمڕۆی کوردستان گونجاوو هاوتەریب بن تێیدا مافی منالان پارێزراو بێت ، هەنگاو هەڵنانێک بێت بۆ پەروەردەی هاوچەرخ .

ڕەنگە بکرێت گەلێک دەست لە زۆر پێداویستی گرنگو بە بەها هەڵگرێت لە پێناوی چارەنووس‌و ئایندەدا بەڵام هەرگیز ناکرێت‌و نابێت بەتەنگ ئایندەیەکی گەش‌و پرشنگداری خۆیەوە نەبێت و تەنیا لە قەوارەی ژیانی ڕۆژانەدا قەتیس بێت ، چونکە هەر گەلێک چەند ژیانی پڕ لە نەهاتی بێدەرامەتیدا بێت ناکرێت دەستەوەستان بوەستێت‌و بۆ دیاریکردنی ئایندەی خۆی چونکە ئایندە بە مانای هیواو ئامانج بە پاشە ڕۆژی جگەر گۆشەکانمان هەرگیزیش ناکرێت داهاتوو بە چارەنووس بسپێردرێت ، دیارە ئەو پاشە ڕۆژە ڕەمەکی و بێ بناغە دەبێت بەڵکو دەبێت بەرنامەی کاری‌دوورو نزیکی پاشە ڕۆژی خۆت بە دەستی خۆت دابرێژی . دیارە گرنگترین بەرنامەی دوارۆژ مەیدانی پەروەردەو خوێندنی منداڵەکانی دوارۆژتە ، چونکە هەموان ئایندەی خۆمان لە چاوی گەشی جگەرگۆشەکانماندا بەدی دەکەین .

پەروەردەو فێرکردنیش پرۆسێکی وا سادەو سەر پێی نیە بە بەرنامە ڕێژویاسا دارشتن هەیە کە سەراپاگیرو شمولی بێت بۆ ئەوەی گەلەکەمان بتوانێتنەوەیەکی نوێ بێنیتەبەرهەم بە پێی تۆناغی چەند سالی لە ( ١٠ ) ساڵەوە تا دەگاتە ( ٢٥ ) ساڵ کەمتر نەبێت نەبیت ، هەتا نەوەکانمان بتوانن سەرجەم بۆشایی‌یە زانستی‌و ڕۆشنبیری‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی‌و بەها ئەخلاقیەکان پیر بکەنەوە، بە کادیری کارامەو پسپۆر کۆمەڵێکی نوێ‌و هاو چەرخ پێک بهێنن .

مانەوەی گەلی کورد بۆ سەدان ساڵ لە ژێر کاریگەری خوو نەریت و سیاسەتی داگیرکەراندارەنگدانەوەیەکی ڕوون لە زۆربەی مەیدانەکانی ژیاندا بە هەمان عەقلی داگیرکەران بەدی دەکرێت بە تایبەتی لە بواری پەروەردە کە تا ئێستا لە بەرنامەی شۆڤینیستی بەعس‌و بە عەقلیەت و نەریتی حوکمی پاشایەتی لە خوێندنگاکاندا هەڵسوکەوت دەکرێت دیارە ئەمڕۆ زۆربەی منداڵی کورد نا شارەزان لە ڕێزمانی زگماکی خۆیان‌و بێ

ئاگان لە مێژووی کۆنو نوێی نەتەوەکەیان و نەخشەی جوگرافیـــــای کوردستان.دیارە ئەم دیاردانەش منداڵی کورد بێ بەش دەکات لە هەستی نەتەوایەتیو دەبێتە کەسیەتی پاشکۆی عەقڵی داگیرکەران .

دوای راپەرینی شکۆداری بەهاری ١٩٩١ ی گەلەکەمان هەلومەرجێکی نوێی هێنایە کایەوە کە هەم نەزمی دیموکراسی پیادەدەکرێتو هـــەم پەیرەو لە مافی مرۆڤ دەکرێت ، دیارە ئەم هەلومەرجە لە خۆڕا وا نـە خەملیوە ، بەڵکو سیاسەتی دیکتاتۆریانەی رژێمی فاشیستی بەغـــدا کوردی تەواو لە نەزمی دیکتاتۆری تاکە حزب حاڵی کردو بوو ە پێناسـە یەکی بێزراو . وە کاریگەری ئەو دەوڵەتانەی هێڵی (٣٦) یان بۆ کورد بە هێلی پاراستنی کورد دەوری باڵای هەبوو لە خەملینی رازی بوون بە دیموکراتیەت و فرە حزبیو چەمکی مافی مرۆڤ کە ئەمرۆ بۆتە بنەمایە کی باش بۆ پارێزگاری کردن لە مافی مرۆڤو کەلانـی بندەست .

بەلام لەم هەلومەرجەدا یەک بواری گرنگو چارەنووس ساز پشـت گوێ خراون ، ئەویش بـواری پەروەردەو فێرکردنە کە منداڵی کورد تێیدا هەم مافی پارێزراو دەبێت هەم لە پەروەردەی هاوچەرخ بێبەش نابـن و هەم پاشەرۆژی گەلەکەمان روونتر دێتە بەرچـاو .

ئەگەرلە رۆژگاری ئەمرۆدا چاوێک بە خوێندنگاکاندا بگێرین دەبینین مامۆستا بەبێ دار روو لە پۆلی منداڵان ناکات ، دیارە لێدان مەترسـی یەکی گەورەیە لەسەر ئایندەی منداڵ چونکە تۆوی هەڵچوونو تـوندرەوی لە ناخیا چەکەرە دەکات ، جگە لەوەی کە پێشێل کردنی مافی منداڵـــە هەروەها شتێکی دابراو نیە لە مافی مرۆڤلە کاتێکدا مامۆستا ئـــەو مافە پێشێل بکات . لە ئەنجامی پەروردەی لەم شێوازەدا هەم نەخۆشـی دەروونی بۆ منداڵ پتر دەکەین و هەم بێ کەسێتیو مافی درووشێنیین .
ئەگەر سەرژمێریەک بکرێت رەنگە ٩٠٪ ی منداڵی کورد حەز بـــە بینینی فلیمی شەڕو کوشتنو لێکدان دەکەن ، دیارە ئەمیش لە ئەنجامی دوو کارتێکەرا دروست بووە :
یەکەم : سیاسەتی تۆقاندن و کوشـتو بڕیرژێمی دیکتاتۆری شۆڤینی .
دووەم : لێدانی منداڵ لە ماڵەوەو لە خوێندنگـــا .

ئەمرۆ هەوڵێکی بەر فراوان بدەین بۆ سڕینەوەی لێدانو تۆقاندنـــی منداڵو نەزمێکی نوێی هاوچەرخ لە خوێندنو پەروەردە لە ماڵو لـــە خوێندنگادا پەیرەو بکرێت بۆ ئەوەی ئایندەمان گەش بێت .
ئێمەش لێرەدا دەمانەوێت دەروازەیەکلەسەر دارشتنی پرۆژەیەکـــی نوێی پەروردە ئاوەلا بکەین کە لەگەل چەمکە سیاسیەکانی ئەمـــرۆی کوردستاندا گونجاوو هاوتەریب بن تێیدا مافی منداڵی کورد پارێـــزراو بێتو هەنگاو هەڵنانێک بێت بۆ پەروەردەیەکی هاوچەرخو کلاورۆژنەیەکی نوێ لەسەر پاشە رۆژی گەلەکەمان بکەینـــــەوە .

پرۆسێنکی وا پێویستی بە دیراسە کردنێکی قووڵو زانستیانە بۆ بەرنامە ڕێژ کردنی پەروەردەو فێر کردن ، سەرەتا دەبێت لە ئاسۆی بیری فەیلەسوفەکانەوە دەست پێبکەین ، بۆ ئەوەی ڕای زۆربەی فەیلەسوفەکان وەرگرین و ئەوەی لەگەڵ قۆناغی ئەمڕۆو ئایندەی پەروەردە گونجاون جێگیریان بکەین وە بەرنامەی بۆ ئایندە لەسەر دارێژین چونکە سەرجەم بوارە فەلسەفیەکان پێ لەسەر بەها ئەخلاقیەکان دادەگون وە پێیان وایە کە دەبێت بە پێی ئاستی گەشەکردنی منداڵ بەرنامەی خوێندن گۆڕانی بەسەردا بێت بە مەرجێک کەسێتی منداڵ تووشی زەبروزەنگ نەکرێت وانەی قورستر لە توانای خۆی بەسەریدا نەسەپێ ، بۆ ئەوەی توانا داهێنەرەکانی منداڵ لە ناخیا نەمرێنین وە سوود لە پەروردەی ڕۆژئاوا وەرگرین و لەگەڵ تایبەتمەندی گەلەکەماندا بیکونجێنین .

لێرەدا بە پێویستی دەزانین تیشک بخەینە سەر ڕاو بۆچوونی فەیلەسوفەکان ، پێمان وایە سوود بەخش دەبێت بۆ خانەوادەو مامۆستا و منداڵی کورد ، سەرەتا پێناسەیەکی هاوبەشی بۆچوونە فەلسەفیەکان دەهێنینەوە کە دەڵێ (( کار کردنی پوختو بەجێ بۆ گواستنەوەی زانست لە کەسێکەوە بۆ کەسی دووهەم بە مەرجێک توانا داهێنەرەکانی فێرخواز گەشە بکات و بتوانێت لە پاشە ڕۆژدا ئەرکەکانی سەر شانی بە شێوەیەکی باڵا لە هەموو مەیدانە ژیانیەکان و لە مەودای ژینی خۆیدا لە ماوەی خزمەتکردن بە کۆمەڵ ڕاپەڕێت )) . (١)

یەکەم : بۆچوونە فەلسەفیەکان :

١- بۆ چوونی فەیلەسوفە ئینسانیەکان بۆ پەروردە :- (٢)

بە گشتی پێیان وایە پرۆسیسی پەروەردە دەبێت ناوەڕۆکە مرۆڤایەتیەکەی پارێزراو بێت ، بێ دەست وەردانە کەسێتی منداڵ وە دەبێت ڕێ پیشاندەری منداڵ بین نەک فەرماندەری .

٢- بۆچوونی فلسەفەی سروشتی بۆ پەروردە : (٣)

پێیان وایە منداڵ سەرچاوەی لە پاکیەوە هاتووە نابێت لێڵ بکرێت وە زانستەکانی کەسێتی منداڵ نەگۆڕن . بە پێی تەمەن مامەڵە لەگەڵ منداڵ بکرێت ، سروشت سەرچاوەی فێر بوونی منداڵ بێت ، چونکە هەموو بەڵگەو پێداویستیەکان لە سروشتدا هە ن. ئازادیەکی باشیان هەبێت لە هەڵبژاردنی خوێندندا مەبەست منداڵە بۆ ئەوەی کەسێتی منداڵ گەشە بکات ، وە فێری خۆراگریو پاشەکەوت بکرێن بۆ ئەوەی بەرگەی ڕووداوە سروشتیەکان بگرن و تووشی شکستی دەروونی نەبن .

٣- بۆچوونی فەلسەفەی پراگماتیزم بۆ پەروەردە: ( )

پێیان وایە پەروەردە ژیانە نەک ئامادە کردن بۆ ژیان چۆن منداڵ لە پەروەردەو خوێندندا گەشە دەکات ژیانیش بەردەوام لە گەشە

دایە بۆیە پەروەردە ژیانە . ئامانجی پەروردە راهێنانی مرۆڤی خـــۆ راگرو هوشیارە لەگەڵ ژینگەو کۆمەڵدا بە شێوەیەک داهێنەری ڕەوشتـــی جوان بێت .

- بۆچوونی فەلسەفەی وەزعی ( الوضعیـە ) بۆ پەروەردە : (٥)

گرنگیەکی زۆر بە بەرنامە رێژکردنی خوێندنو پەروەردە دەدەن بـــە مەرجێک لەگەڵ تەمەنی منداڵدا گونجاو بێت هەوڵ بدرێت شێوەی خـوو ڕەوشتی منداڵ بە هێمنانە بگورێت بۆ ئەوەی بەها هەڵچونەکانی منداڵ بگۆرین بۆ بەها زانستیەکان کە خوێندنگاو مامۆستا بتوانێت خوێندنگـە بکەنە جێگەی شادیو دڵخۆشی منداڵ نەک جێگەی مەترسی و لێـــدانو ترساندنی بە تاوان دادەنێت .

٥- بۆچوونی فەلسـەفەی وجـودی لەمەر پەروەردە : (٦)

پێیان وایە پەروەردە دەبێت هەم زانستو هەم عەقلیەتێکی گەشە کردو ببەخشێتە منداڵ بە شێوەیەک منداڵ بتوانێت فێری سێ بۆچوونی گرنگ بێت ، یەکەم : یاسا ، دووەم : توانای رەخنە گرتن ، سێیـــەم : توانای بەرهەمهێنانی بە پیت .

دووەم : قوتابخانە پەروەردەیی‌یەکانی رۆژئاوا : ( ٧ )

١/٢- قوتابخانەی پێشکەوتنخوازی: سەرەتا لە وولاتە یەکگرتووەکانـــی ئەمەریکا سـەری هەڵدا ، کە بۆچوونی بۆ پەروەردە لەم چەند خاڵەداچڕ دەکاتەوە :

ا- سەرپەرشتیکردنی منداڵ بە شێوەیەکی ســـروشتی .

ب- دەبێت خواستی مرۆڤ پاڵپێوەنەری کار کردن بێت لەم بوارەدا .

ج- مامۆستا رێنیشاندەر بێت نەک فەرماندەری ئەرکی خوێندن .

د- دراسە کردنێکی زانستیانەی گەشە کردنی منداڵ .

و- هەر کوسپێک کە رێگا لە گەشە کردنی منداڵ بگرێت دەبێت بـــە گرنگو هەند بگیرێت .

هـ- بۆ دابین کردنی پێداویستیەکانی خوێندکار پێویستە پەیوەندی پتـەو لە نێوان خوێندنگەو خانەوادەی منداڵدا هەبێت .

٢/٢- قوتابخانەی تەواتووی لـەمەر پەروەردەو فێرکردن :

بۆچوونی خۆی لەمەڕ پەروەردە لەم خاڵانەی خوارەوە چڕ کردۆتـەوە:

ا- لەبەر ئەوەی سروشتی مرۆڤایەتی چەسپیو هەیە بە هەمان شـــێوە پەروەردەی چەسپیو هەیە .

ب- لەبەر ئەوەی پێناســەی مرۆڤ هوشیاریە دەبێت پەروەردە بــــۆ نەشونما کردنی هوشیاری بێت .

ج- دەبێت پەروەردە لەگەڵ ڕاستیدا گونجاو بێت چونکە ڕاستی عالمـیو علمانیـــــە .

د- پەروەردە ڕاستەوخۆ ژیان نیە بەڵکو ئامادە کردنی ژیانـــە .

هـ دەبێت پەروەردە چوارچێوەی بەردەوامی چەسپیوی هەبێت .
٣/٢ ـ قوتابخانەی جەوهــەری ئەم قوتابخانەیە بۆچوونی خوی لەسەر پەروەردە لەم خاڵانەدا چــڕ دەکاتـــەوە :
ا ـ فێر بون کارێکی قورسە دەبێت بە هەند بگیرێت .
ب ـ دەست پێکی پەروەردە لە مامۆستاوە سەرچاوە دەگرێت .
ج ـ ناوەرۆکی پەروەردە فێر بوونی تەواوی مادە دیاریکراوەکانـە .
x دەدەبێت خوێندنگە پارێزکاری لە ستبی ڕاهێنراوی خۆی بکات بۆ گەشە کردنی عەقلیـــەتی خوێندکار .
٤/٢ ـ قوتابخانەی ( تجدیدی ) نــوێ بوونەوە :
لەمەڕ پەروەردە بۆچوونی خۆی لەم خاڵانەی خوارەوە چڕ دەکاتەوە :
ا ـ دەبێت ئامانجی پەروەردە دیاریکراو بێت لە بەرنامەی ووردو ساکـار کە لە خزمەتی ڕیفۆرمیستە کۆمەڵایەتیەکاندا بێت .
ب ـ دەبێت پەروەردە لەسەر بناغەی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی دیموکراتـــی بنیــــات بنرێت .
ج ـ دەبێت پەروەردە بە شێوەیەک بەرنامـــە ڕێزکرا بێت کە لەگـــەڵ زانستە چەسپیوەکاندا گونجاو بێت .
د ـ دەبێت مامۆستا بە شێوازی دیموکراسی خوێندکار فێر بکات .
هـ دەبێت پەروەردە بە شێوەیەکی ئاراستە کراو بێت و لە ڕێگـــــەی هێزە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەکانەوە سەرچاوە بگرێت .

سـەرچاوە:


١ ، ٢ ، ٣ ، ٤ ، ٥ ، ٦ ، ٧ چەند کۆپلەیەکی تەرجەمە کراوە لـە کتێبی دراســات فی فلسـفە التربیـــــە .

# ئاواتە شێت بەکپی ماڵئاوایی لەچەمچەماڵ کرد

حەمە کاکەرەش

گەلێ جار دەمبینی‌و سەرنجم ئەدا گریانم ئەهات بۆ حاڵی‌شڕی ئەم مرۆڤێکی سەر کزو شێواو بوو بەد بەختی لە سیمایا دەبینرا تفم لـــە هەموو شتێ ئەکرد ، بو دەبی گەنجێکی ئاوا جوان بێبەش بێت لە هەمو خوشیەکانی بوون‌و ژیانی بێزاری‌و مەینەتی بێت ... ئاوات یادت بـــە خێر زور شەو بۆ لای خالی بی دەنگ خوی دەکرد بە دوکانەکەی جەباری ( شێخ حسین ) دا ... دەمانووت : ئاوات وەرە دانیشە شتێـــک بخۆ بە هێمنی سەیرێکی ئەملاو ئەولای دەکرد ..بەگ قوولی لێمان وورد دەبۆەو ئێمەو خۆی‌و هەموو شتێکی بە نامۆ دەزانی... لە دوای کەمـــی کپ بوون هەنانەیەکی پر زوخاوی هەلدەکێشاو دەستی دەبرد تاتـــــە پسکیتێکی هەلدەگرت لە ژێر لێوەوە بە ئەسپایی دەیووت: پــــسکیت ناخۆن .. ئای شێتەکان چەند بەخشندەن‌خۆزگەهەموو مرۆڤەکان وا بونایە ئاوات وەک سەرانی سیاسی وولاتەکەم پەتای سامان کوکردنەوەو لـــــە کدلەی نەدابوو بەو شێتیەش مرۆڤیکی هێمن‌و دلفراوان بوو هـەر یەکە و پرسیارێکمان لێکرد بە شێواویش بوایە وەلامی ئـەدایەوە ....

یەکی : ئاوات خوینەواریت هەیە ؟

بزە دەیگرت‌و لە ناو دەستی ناوی خوی دەنووسی ، هەر وەکو ئەیـــدای ناوی خوی بیت .

یەکی‌تر : ئاوات حەز لە دەنگی کام گورانیبیژ دەکەیت ؟

هین ... بەر ..بەر ... بەرهەم کێ ؟! ....ئا ....بەرهەم حسن

بۆ حەز لە دەنگی ئەکەیت ؟ .... نازانم ! .....

یەکێ تر : ئاوات بو شێت بوویت ؟

ئەویکیان چاوشارکێمان دەکرد بۆ خۆ شاردنەوە چوومە کەلاوەیەکەوە لە ئاسمانی کەلاوەکەوە شتی سپــــی سپی ریش درێژ شێوەیان لـــــە مرۆڤ دەچوو دەستیان بۆ دەهێنام ... نازانم بۆ شێت بووم !؟

ئاوات لە گێژاوی گوماندا بوو نەیدەزانی بۆ هاتۆتە دنیاوە و بۆ شێت بووەو بۆ دەبێت ئاوا بژیت ؟ ..بیرەوەری شێتان کۆتایی نایەت.......

ئەویکی تر لە بازارەوە بۆ ماڵ دەگەرامەوە کات درەنگ بوو بایەکــــی دەهات مرۆڤی لوول ئەدا ... ئەقام چۆلو هۆل تەنیا کاغەزی جگــــەرەو سەگە بەد بەختەکانی بـەر چێشتخانەکان نەبێت کەســم نەدەبینی .... هێدی هێدی بە ئەقامەکەدا دەرۆیشتم لە ناکاو تووشی خالی ئاوات بوم ووتم : بەم شەوە بۆ کوێ ئەچیت ؟ ووتی: ئاوات فرسەتی بۆ هەلکەوتوە



هەواڵنامەی کتێب

و رای کردوتەدەرەوە وەرە با بگەرێنین بزانین نایدۆزینەوە ؟ کـــــوی بگەرێنین ؟ دەبێ ماڵی شێتان کوێ بێت هەرچی کوچەو قوژبنی تاریکو بن کەپری دوکانەکان بوو سەرمان پیدا کرد ئاوات نەبوو ...! ئاخ ئاوات من دەزانم خوت بو دەشاریتەوە و حەز بە تەنیایی دەکەی !؟

دەزانی وەک مرۆڤیک دڵت راناگیری‌تەنانەت خوت لە دایکیشـــــت دەشاریتەوە..... ئاخ ئاوات ..منیش چەندە حەز لەو تەنیایی‌یەی تـــو دەکەم ! مرۆڤ خۆی‌لەو پەری ئازادی تاکی‌دا دەبینێت ، زۆر گەرایـــن ئاواتمان بۆ نەدۆزرایەوەبە غەمباری گەراینەوە ماڵەوەکە چوومە ســەر جیگا خەوم لینەکەوت و خەیاڵم بە دووی ئاوات کەوت ... ئاخو ئیـستا لە کام کونو قوژبنی تاریکدا راکشاویت ؟ بارەش نەشتەری تیژی لـــە جەستەت رو دەکاو توش گرموله دەبیت ؟ ئاخ ئاوات ئەمشەویش وەک زوربەی شەوانی تەمەنت هەزاران حەزو خوزگەت وەک گەلای درختـــە پاییزیەکان بەدەم وژەی بارەشەوە هەلدەوەریێت ! ئاخر گوناهی تـــوو هەزارانی وەکو تو چیە ؟ وا بەم کولەمەرگیە دەژین پاکی نەبیت ؟ مرۆڤی پاک لەم کومەلگایەدا جیگەی نابیتەوە ج دنیایەکی بوگەنـــە ؟ ئیستا هەزاران بورە پیاو لە ژووری گەرم و گوردا بەسەر چەرپـــــای رەنگ خوینینەوە پەری شیوە رادەمووسی...! ئاوات بیزاری پەلکیشـــی

کـرد تا لە ١٩٩٥/١٢/١٠ سەری پێ هەلگرتو مەرگ گەیانیە رەبیەکانی ( بانی مەقان ) و لەگەل گەیشتنیدا دەیگرنو بی سیم دەکەن بو قائـــد فرقە کە شێتێکیان گرتووە و چی لیبکەن ؟ ئەو سیخورەش بریار دەدا گوللە بارانی کەن . پاش چەند رۆژی بێ هەوالی ، هەوالی مەرگی ئاوات بە کپی بلاو کرایەوە کە بە دەستی سوپا بۆگەنەکەی دیکتاتوری بەغـدا جەستەی پیرۆزی ئاوات گوللە باران کراوەو هەر لەوێش شاردراوەتەوە .

مرۆڤێک ئەوە حالی ژیانی بـێتو مەرگیشی ئەوەندە دلتەزین بێت ئەم مرۆڤانە دەرۆنو کومەلێ یادگاری بەجێدێلن جێگای داخە لـــــە بەرامبەر مەرگی ئاواتدا رێکخراوەکانی مافی مرۆڤو دەزگاکانـــــــی راگەیاندن بێدەنگ بوونو هەوالی مەرگی ئاواتیان وەک هەوالی مەرگـی مرۆڤیک بلاو نەکردەوە ، ئاوات بە کپی مالئاوایی لە چەمچەمـــــال کردو بە هەموانی ووت :

من بێ‌مالئاوایی دەرۆم
بێزارم لە ئێوەو لە خۆم
دەرۆمو ناگەرێمەوە
بە کپی سەر ئەنێمەوە

١٩٩٦/١/١٣

---

# گۆرانی نامۆیی

فایق ئامۆ

هیچ کاتێ تۆ وەک من
وولاتی گریان‌و شیعر نیت
وەکو من
کوێستانی کەوالەو کرێوەو بەفر نیت
کەی وەک من
نەشتەری زۆرداری
کراوە بە ترێ رەشـکەکەی چاوت دا ؟!
کەی وەک من
دوکەڵی پڕ ژەهرو پڕ مەرگ
کراوە بە دڵی ریواسی‌ناوت دا ؟!
کوا وەک من
لە کونجی قەفەسـدا
چرکەیەک لاسایی هوزارت کردەوە و ؟
کوا وەک من
پێشبرکێی ژیانت لە مەرگ بردەوە ؟!
دەبڕۆ لێم گەڕێ‌و جێم بێڵە
با منو گریان‌و لەرزی مـەرگ
با من( سووتان‌و
قەفەس‌و تەڵەو هۆنـراوە
لە شاری لە گونـدی
لە شاخی .. لە باخی سووتاوا
وەک تابلۆ ئاوێتەی یەک بین‌و
بۆ خاکی بە گڕدا چوونەوەو بەرگری
ببینـە پاشماوە
دەبڕۆ ... دەبڕۆ
جێم بێڵەو
ماڵئـــاوا ... !!!

# کۆچ

بیرتە دایە کە منـداڵ بووم
نازەنین ئەهات بۆ ماڵمان
بۆ یاری‌و ماڵە بووکانێ
بێت ئەوتیین : وەک سێوێکن
تۆو نازەنین دوو لەتەوە
کرانێتە ، خۆ من ئێستاش
باشە دایە . ئەو سێوەی بارانم
لەتی ئەو لەتەکەی ترم کوانێ ؟!!
ئەی لەتەکەی

# نوقلە ماچ

ئەنوەر عوبێد

هەناسـەکەم
بەر یاریەم دڵەم بکە
ئێستا دڵم بۆتە سکڵ .
چاک ئەزانم
ئەگەر بە پەنجەتا بجۆی .
هەر منالە گرینۆکەکەی جارانی‌و
ژێر نایبەوە
بە هەزاران بووکە شوشەو
دەنکە نوقـڵ . . !!!

# هۆنراوە بۆ منداڵان

ئاڵی عەبدولخالق

## ماموستاکەم

مامۆستاکەم دڵسۆزە
خاوەنی هەست و سۆزە

هەوڵ ئەدات هەموو کات
لە پێناو گەلو وڵات

قوتابی وا گۆش ئەکات
هەردەم کەوا هەوڵ دات

بۆ گەل ببێ بە سوپەر
وەکو کۆتری نامە بەر

کاری بەبێ ووچان بێ
هەردەم کردەوەی جوان بێ .

خالید باشلاخی

(( با هاوڕێی تەنیایی منە ))

کەس وەکو من بای خۆش ناوی
بایش شێتە وەکوو حەزی من
قژی دارو درەختەکان شانە دەکار
ئەگەڕێ گشت کون و قوژبن
خۆی هەڵ ئەسوێ :
لەبسك و سینگ و مەمکۆڵەی
کچۆلەو ... ژن

# گەشت

وەرە ئازیز گیان
بە دەم گۆرانیەوە پێکەنینەوە ، جۆگەلە
دەمەو بەیانێک وەک دوو
ئەرژێنە گۆشی چەمی شینەوە
ئەبینە هەڵم هەورا ئەشارینەوە
خۆمان لە بووین
گەر بێزاریش بۆمان
گەر ئەلوا بۆمان لەگەڵ بارانا
ئاسانە گیانە ، لە خۆمان ..!!
ئەگەڕێینەوە وولاتی

محەمەد کوردۆ

# گلەیی

ئەڵێ شەیداکەم ( گوێت لێ بوو بێ
ئێسکاتۆرێکی ئەشقیلە بەرخۆش
هات لە ناکاوا داگیری کردوو
بەرباوی گشت خەڵکی تنیاوە
بە بەرباوی تێدا بەرز کردەوە
ئاڵای خۆی تێدا بەرز کردەوە
کەس ووڕتەی نەکرد
کەس هێزی لەسەر گۆ نەکردەوە ..!!

هەواڵنامەی کتێب



# ئاران لەسەردانی نوسەری

# «گورگانەشەوێ» دا

لە م دیوی دەربەندی بازیانو لە ژێر سێبەری تەپەکانی بانی مەقانو لەدامێنی قەڵایەکی ڕدێن سپیدا لە سەر زەویەکی پر لە چەمو کانیدا پیاوێک هاتو خانویەکی بنیات ناو ئیتر وورده ووردەتاقە ماڵ بو بە دوو بە سێو بە سەدو تاکو بوو بەم شارە هەژارو ناوچەوان تۆزاویەی کە ئەمرۆ پێی دەڵێن چەمچەماڵ ... لەم شارەدا بەدەیان نوسەرو سەرکردە و پیاوی قسە خۆشو پێشمەرگەی قارەمان هەڵکەوتوون وەکو هەموو شارەکانی تری کوردستان کەم یان زۆر بەشداری بزوتنەوەی سیاسی و رۆشنبیری کوردیان کردووە یەکێکیش لەوانە (حمە نوری توفیق) چیرۆکنوسو رۆژنامە نووسە ماموستا حمە نوری توفیق پێویست ناکات بە خوێنەرانی بناسێنیت چونکە لەوە ناسراوترە کە بە خەلکی بناسێنین بەڵام بەپێویستمان زانی کورتەیەک لە ژیانی ئەو بەرێزە باس بکەین ماموستا حمە نوری سالی "١٩٣٤" لەشاری چەمچەماڵ چاوی بەدنیا هەڵهێناوە هەر لە منداڵیەوە خولیای ئەدەبو رۆژنامەگەری کەوتوتە سەریو قوناغەکانی خوێندنی تەواو کردووە ، تا بوەتە مامۆستا و چەندین ساڵ لە خوێندنگاکانی چەمچەماڵ دا خزمەتی پەروەردەی منالانی چەمچەماڵی کردوە ....

پ ) مامۆستا ئیمە تۆ وەک خەڵکی چەمچەماڵ ئەناسینین ئەی ئیوە چی دەڵێن ؟

و ) بۆچی کەس هەیە لە نزیکەوە من بناسێو نەزانێ چەمچەماڵیم ؟

پ) ماموستا دەکرێت بزانین سەرەتای چیرۆک نووسینت لە کەیەوە دەستی پێ کرد ؟

و) سەرەتای یەکەم چیرۆکم دەگەرێتەوە بۆ سالی (١٩٥٦ ) لە گوڤاری هیوادا کە ئەو سەردەمە یانەی سەرکەوتنی کوردان لە بەغدا مانگانە دەریدەکرد .

پ) ئەو بەرهەمانەی کە تاکو ئێستا بە چاپت گەیاندون چین ؟

و) تاکو ئێستا کومەڵە چیروکێکم بەناوی ( ناڵەی درەخت ) وە بلاو

کردۆتەوە یەکێکیشم لەو کەسانەی کە دیوانی پیرەمێردیان ساغ کردوتەوە کە بەشی یەکەمی بڵاو کراوەتەوە و دوو بەشەکەی تریشی چاوەرین ..
ئەمە جگە لە دەیان چیرۆکو ووتار لە گۆڤارو ڕۆژنامەکانی کوردستان و دەرەوە وە چەند چیرۆکێکم کراوە بە زمانەکانی عەرەبی، ئینگلیزی و فارسی .

پ) ماموستا جیاوازی لە نێوان چیرۆکی کوردی پێش ڕاپەڕینو دوای ڕاپەڕین چیە ؟

و) چیرۆکی پێش ڕاپەڕین لە کەژو هەوایەکی کپ کراودا ئەنوسرا بۆیە تامو چێژێکی تایبەتمەندی هەبوو ، وەک هەموو بەرهەمە ئەدەبیو هونەریەکانی ئەو سەردەمە سەختانە . بەڵام دوایی ڕاپەڕین چیرۆکو هەموو بەرهەمەکانی تر لەتۆناغی نوێدا کە لە کەژێکی ئازادیدا ئەنوسرێتەوە هەمو ئەم تامو بۆیەی ئەو ڕۆژگارە لە بەرهەمێکی ئەدەبیدا هەست پێ ئەکرد لەم تۆناغە تازەیەدا ئەو بابەتانە ئەوتامو چێژو بۆنەی نەماوەو بارەتوی کە چاوەڕێی بەرهەمی بەرهەمی نوێی خۆی هەیە .

پ) تاکو ئێستا هیچ هەوڵێکت بۆ نووسینی ڕۆمان نەداوە ؟

و) نەخێر تائێستا هیچ هەوڵێکم نەداوە بۆ نووسینی ڕۆمان کە ئەبوایە بمدایە ، بەڵام من خۆم بەنووسینەوەی کورتە چیرۆکەوە خەریک کردووە لەوە تامو چێژی تایبەتی وەرئەگرمو ئەگەر بە چیرۆک نووس دابنرێم ئەوا نووسەری کورتە چیرۆکم .

پ) ماموستا ئەو چیرۆکەی تاکوئێستا لە مێشکی خەلکی چەمچەماڵدا زیندووە چیرۆکی کورکانە شەوێیە ئایا لای ئێوە کورکانە شەوێ و پورە کولە چی دەگەیەنێت ؟

و) چیرۆکی کورکانە شەوێ بەلای منیشەوە یادگارێکی تایبەتی هەیە .. ئەو چیرۆکە بەرهەمی ڕۆژانێکی سەختی ئەو شارۆچکە ماتەمین و تەماویەی منە کە بۆ یەکەم جار چاوم تیا کردۆتەوە ، تیایدا منداڵیو گەنجی خۆمم لە بیرە ، خۆشی و ناخۆشیەکانی دۆستی دەست لەملنمن ،(چەمچەماڵی گوڵە سووتاو)، چەمچەماڵی کۆران و سۆران کە لە مێژەوە دووچاری وێرانی ، پشت گوێ خستن ، دواکەوتن ، نەداری هەژاریو نەخوێندەواری بووە .. یەکێک بوو لەو شارانەی کە لەسەرەی ١٩٦١/٩/١١ دا لەگەڵ شۆرشی گەلەکەماندا بووە مەیدانی گرتنو کوشتن.بووە داینگای پێشمەرگەی تێکۆشەر ، خەباتگێر سەرکردەی تیا هەلکەوتوە چەندین کوری هەژاری کرد بە پێشمەرگەو گیانیان بۆ کوردایەتی بەخت کرد لەوانە(جووتە ڕۆڵەکەی گوڵە سوتاوی لەسەر چیرۆکی کورکانە شەوێی من)کە یەکێکە لەو چیرۆکانەی چەندین کەسی نیشتمان پەروەر ، رووناکبیر ، ئەدیب ، دەستخۆشیان لێکردوم و بە یەکێک لە چیرۆکە خۆشەویستەکانی خۆمی ئەزانم ئەو چیرۆکەش لەو

رۆژەها بوو کە چەندین دەبابەو زرێپۆش و چەند هەلیکۆپتەرێک بـــە بارمەتی نزیکەی لیوایەک سەربازو جاش و پیاو خراپ بۆکروزیان لـــە شارەکەمدا هەلسان و دوکەلی خانوەکانی هەژاندن لەسالی ( ١٩٨٣ ) دا ئاسمانی چەمچەمالی رەش کردبوو ، هەموو ئەو هێزە بـۆ پۆلـــــە هەلۆیەکی پێشمەرگەی ( یەنک ) ی شارەکەم کورکە هار ئاسا پەلامـــاری ئەو گەرەکە مالانەیان دا بۆ دەستگیر کردنی ئەو پۆلە هەلوو شـــازاو چاونەترس و دوژمن بەزێنە.. دیارەهەوێنی چیرۆکەکەی منیش دایکێکـی کلۆلی دوو پێشمەرگەی ئەو داستانە بوو ( کولە سوتاو ) بودلو دەرونی ئەو دایکەو هەموو دایکێکی کوردی جگەر سوتاو کورکانە شەوێم نووســی کە شەهید دکتور خەسرەو خال بە ناوی رێکخستنەکانی کومەلـــــەی رەنجدەران و ( یەنک ) لە شاری سلێمانی دەستخۆشی و پیرۆزبایــــی ئەو چیرۆکەی پێ راکەیاندم چەند کادرو پێشمەرگەیش لە بنیـــــــرو سەردانەکانیاندا پیرۆزبایی کورکانە شەوێیان لێکردوم ...

پ) ئایا دەکرێت چیرۆکی کوردی لە ئاستی چیرۆکی ئەوروپا دابنرێت ؟

و) من بەش بە حالی خۆم هەر چەند زمانەکانی ئەوروپی نازانم ، بەلام لەرێی زمانی عەرەبیەوە چیرۆکی عەرەبی و وەرگێراوم زۆر خوێندوتـــەوە زۆر جاریش لەکۆڕو بۆنەکاندا ئەوەم وتۆتەوە کەوا سەرەرای تـــەمەن کورتی هونەری چیرۆک لە ئەدەبی کوردیدا ، سەرەرایی باری روناکــبیرو نەهامەتی ئەدەبی کوردی ، گەر بە چاوێکی ویژدانەوە سەیری چـــیرۆکـه باشەکانی چیرۆکنوسانی کورد بکەیت .. چیرۆکی کوردی رووی بەراورد کردنی لەگەل چیرۆکی ئەوروپیدا هەیە و ئەمە رایەکە من سورم لە سەری

پ) ئایا کاری رۆژنامەگەری و چیرۆک نوسیت پێکەوەدەگونجێن وەکاری رۆژنامەگەری لە چیرۆکی دوور نەخستوویتەوە ؟

و) کوردو کاری رۆژنامەگەری .. تازە و تەمەنێکی ئەوتۆیان نـیـه...... رۆژنامەنووسی لە کوردستاندا زۆر جار ئەدیبانی گەمەرکێش کردووە..... من بۆخۆم هەر لەسەردەمی قوتابخانەی سەرەتایدا لە لیـژنـــــەی (بلاوکردنەوە ) بەشداریم کردووە... ئەگەر پێشتان بلێم من و چەند کەسێ کاتێ پۆلی شەشەمان تەواو کرد دوو ژمارەی بلاوکراوەیەکمان لـــە چەمچەمال بە دەستنووس بلاوئەکردەوە بەناوی ( بێ ئیشی ) کە چەندین نوسخەمان بە کاربۆن ئەنووسیەوەو بەسەر خوێندەوارانی چەمچەمالدا بلاومان ئەکردەوە.. لە سالی " ٩٦٥ تا ٩٧٠" ئەندامی دەستەی نوسەرانی گوڤاری (ئامانج) بووم کە سکرتاریەتی یەکێتی ماموستایانی کوردستان بە شێوەی نهێنی دەریدەکرد ، لە سالی ( ١٩٧١ تا ١٩٧٤ )سکرتێـــری نووسینی گوڤاری دەنگی ماموستا بووم . کە لقی یەکێتی ماموستایانـی

کوردستان لە سلێمانی بڵاوی ئەکردەوە .. لە ساڵی ( ١٩٦٨ تا ١٩٧٠ ) ئەندامی بەنەماڵەی نووسینی گۆڤاری رزگاری بووم کە(کاک نەوشیروان مستەفا)سەر نووسەری بوو ... وا ئێستاش لێپرسراوی نووسینگەی سلێمانی کوردستانی نوێم . بەڵی بە ئاشکراش ئەڵێم کاری رۆژنامەگەری تا رادەیەک لە دنیای چیرۆکی دوور خستومەتەوە .. بەڵام ئەمیش یان(هەر عەشقێکی کۆنەو عاشقیش ئەبێ سەر نەوی کا بۆمەعشوقەکەی)

پ) مامۆستا ماوەیەک شاعیری کوردپەروەر ( فایق بێکەس ) مامۆستا بووە لە چەمچەماڵ وە ماوەیەکیش شاکر فتاح قایمقامی چەمچەماڵ بوە ئایا هیچ بیرەوەریەکت لە گەڵیاندا هەیە ؟

و) ببوورن لەوەی کە من لەو سەردەمەی خوالێخۆشبوو فایق بێکەس مامۆستا بووە لە چەمچەماڵ گەر لە دایکیش بووبم نەچومەتە قوتابخانەو لە دواییدا بەوەم زانیوە کە ئەو بەرێزە مامۆستای چەمچەماڵ بووە .. بەڵام لەو سەردەمەی خوالێخۆشبوو شاکر فتاح قایمقام بووە من قوتابی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بووم .. ئاگاداری ئەوەم کە ئەو پیاوە قوتابخانەی(ئەوی) بەهاوکاری مامۆستا دڵسۆزەکانی ئەو سەردەمە کردبۆوە وخۆشی دەرسی تیا ئەوتەوە ، بڵاوکراوەی چەمچەماڵی دەر ئەکرد ، تیپی تەمسیلی لە خویندکارانی قوتابخانەی ئەو دروست کردبوو ئەوانی سێئەمە چەند دەردێکی کومەڵایەتیان چارەسەر دەکرد ئەمەوێ ئەمەش بڵێم کە ئامادە بوانی ئەو چیرۆکە تەمسیلانەلە پیاوانو ژنانی چەمچەماڵ بوون و زۆر بە پەرۆشەوە چاوەرێی ئەوەیان بوو کە کە ئامادەی شانۆگەریەکانی(دکتۆر خولی بن ( دکتۆر خولی ) نازناوی ( محمود خانی کاکە خان ) بوو کە ئەو سەردەمە فەراشی قوتابخانەی چەمچەماڵ بوو، پیاوێکی قسە خۆشو نوکتەباز بوو لە زۆربەی شانۆگەریەکاندا دەورێکی چاکی ئەنواند .. هەر خوالێخۆشبو باخچەی میللەتی ریکوپێک کردبوو خەڵکی شارەکەی هاندەدا کە رۆژانی عەینی بۆ سەیران روو لەو باخچەیە بکەن .. ئەمە جگە لە چارەسەر کردنی کێشە عەشایریو کشتوکاڵیەکانی ئەو ناوچەیەی کرد ... کاتێکیش کە لەوێ نەفی بوو خەڵکی شارەکە زۆر نیگەران بوون و وەک خۆشەویستیەکی خۆیانیان لە دەست دابێ ئاوها بوو ..

پ) مامۆستا چی بیرەوەریەکی خۆشت لە چەمچەماڵ هەیە ؟

ر) سی ساڵ ژیان لە شوێنێکدا چەندین بیرەوەری خۆشو ناخۆشی تیا ئەبێ بۆیە ئەمەیان لە داهاتوودا وەڵام ئەدەمەوە .. چونکە زۆری ئەوێ و جێو شوێنی زۆری گەرەکە ، کە رەنگە گۆڤارەکەی ئێوە ئەوەی لە توانادا نەبێ .

پ) مامۆستا رای جەنابت بەرامبەر ناوی چەمچەماڵ و مێژووی دروست کردنی چەمچەماڵ چییە ؟

و) زۆر جار لە کۆڕو کۆبونەوەو بۆنە جۆراو جۆرەکاندا پرسیارم سەبارەت بە ناوی چەمچەماڵ لێکراوە .. منیش ئاوها وەڵامم داونەتەوە:
ا۔ چەمو چەند ماڵ ، ب۔ چەمی جەماڵ ، ج ۔ بەناوی شارۆچکەیەکی کۆنی ئێرانەوە ناو نراوە کە شوێنەواری ماوەو ناوی چەمچەماڵ بووە. جا نازانم شارەزایان وپسپۆرانی بۆ ئەو ناوە چی ئەڵێن ؟
پ) ئایا قەڵای چەمچەماڵ پێش دروست کردنی چەمچەماڵ کەوتووە یان دوای دروست کردنی ؟
و) قەڵاکە کە کۆن ( قەڵای سپی حەسار بووە ) بە لێکدانەوەی من لەسەر بناغەی ئارکەلۆژی وای بۆ ئەچم پێش دروستکردنی شارەکە کەوتبێ بوونی قەڵاکەش هۆیەک بێ بۆ دروستکردنی چەمچەماڵ .
پ) مامۆستا چی پێشنیازێکت هەیە بۆ گوفارەکەمان ؟

* کارەکانتان بە کۆ و کۆمەڵو هاوکاریکردنی یەکتر بێ .
* هەوڵ بدەن کارە خۆیی‌و زاتیەکانتان بەسەر کارە گشتیەکاندا زاڵ نەبن .
* زۆر بخوێننەوە لە بابەت کاری ڕۆژنامەگەرییەوە ، شتە ڕۆژنامەنووسیەکان فێر بن .. چونکە کاری ڕۆژنامەگەری و گوڤار دەرکردن جگە لەوەی کارێکی نوێیە بە نیسبەت کوردەوە کارێکی هونەری‌و ڕووناکبیری‌و زانستی زەحمەتیشە ... هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم .

# خوێندنەوەیەکی کورتی سیڤەرو پاریس و

لەتیف فاتیح فەرەج

## بەتەنگەوە نەهاتنی کورد

لێرە لە وولاتی " میزۆپۆتامیا " خەڵکانێک خێوی ئەم چیاو دۆڵانەن لە وەچەی سوارە جەربەزەو شەڕەنگێزو ئازاکانی مادو باپیرە گەورەکانی مادن ، ئەمانە ئیدی نەتەوەیەکن بەناوی کوردو نیشتمانەکەیان: کوردستان ، ئەفسوس بە درێژایی مێژووی سەرهەڵدانیان تا زۆر دوور نەپرژاون پەیوەندیەکی توندوتۆڵ لە نێوان خۆیان و خاک دروست کەن ڕەنگە ئەمە هۆی ئەوە بێ کە ئەمانە کۆچەریو شوانکارە بوونە هەر چەندە دەوڵەتی میدخۆی ژیارو شارستانیەتی هەبووە . ئەم دروست نەبوونی پەیوەندیە وایکردوە ،مرۆڤی ئەم چیاو بەندەنە پێرا نەگات تاوێک بیر لە خۆشەویستی نیشتمانەکەی بکاتەوە . (( مەبەست لە پەیوەندی لە نێوان خاکو خەڵک لێرەدا پەیوەندی نێوان زەوی و جووتیار نیە کە لە قوناغێکدا سەری هەڵدا )) لەتوپەت بوونی دەوڵەتی میدیاش لەم نەبوونی پەیوەندیو تێک شکانەیدا ڕۆڵی خۆی هەبووە ، سەرەڕای لە دەست دانی دینی زەرەدەشتی (( ئەمە لە کاتێکدا نەتەوەیەکی دیکەش خۆی بە خاوەنی ئەو کەلتورە دەزانێ )) بەم جۆرە گەورەترین دوو لە دەست دان لە مێژووی دوورو درێژی ئەم گەلە دا تێک شکانی دەوڵەتی مادو لە دەست دانی دینی زەردەشتی بوو ، چونکە لەمەو دوا کورد نەتوانی دەوڵەت بۆ خۆی دروست کاتەوە ، نەتوانی، سوود لە ئاینی ئیسلام وەرگرێ وەک تورکو فارسو عەرەب بۆ بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی ئەوان وەریانگرت .... ڕەنگە ساڵەکانی یەک دوو سەدە لەمەو بەر ڕۆشنبیرەکانی کورد لێرەو لەوێ دەرکیان بەو ڕاستیانە کردو زانییان وەک نەتەوەی کورد گۆلێکی قورسی لێکراوە شەرەف خانی بدلیسی و خانیو حاجیو ئەستێرەکانی دیکە ویکڕا هاواریان بردە بەر کورد ......

جۆشێ بدەن وەکو هەنگ تەدبیر بکەن بەبێ دەنگ
ئەسبابی شەڕ پەیا کەن تۆپو تفەنگو هاوەن

ئێستا سەرەتای گەشەی بزووتنەوەی نەتەوەیی بە دیار کەوت و هوشیاری سیاسی بۆ ڕزگاری کوردان کەوتە دارە دارە ، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا باری جوگرافی نا جۆرو کەلکەڵەی بەرژەوەندیەکانی داگیرکەرو وەکپێویست ڕاچەنینی کورد خۆی و ڕیز بەند نەبوونی گشتی بەربەست بون لە بە یەک جاری شکاندنی بەستەڵەکەکاندا . . . ئاوەزی باڵا پێویستیەکی هەمیشەییە بۆ پاراستنی بەهاکان لە ئازادی کردەو ئازادی

بیرو ئازادی بریاردا کێشەی کەسێتی وەچەی سوارەکانی ماد ـ ئەوەیە سۆز لە سەروی ئاوەزەوە دا ئەنێنو زوو گلۆر ئەبنەوە .. وورنتر خوێندنەوەیەکی بەئاگایانەیو ئەقڵکارانەیان بۆ گۆڕانو دەوروبەر و بارودۆخەکان نییە ... ڕەنگە ئەم چیایە بەرزو دوڵە قوڵانەش بەش بە خۆیان دەستیان هەبێ لە بەیەک نەگەیشتنی دەستی کوردا بە یەکتر " لەگەڵ ئەوەشدا کە چیا پشتی کوردە " ئەم چیایانە لە رووی دابەش بوونی دانیشتوانەوە بۆ بەش بەش کردنو تیرە تیرە کردنی کورد ڕۆڵی خۆیان گێڕاوە، جیاوازی لە ئاخاوتنو زاڵی هۆشی عەشرت بەسەر هۆشی نەتەوەییدا ....." کورد ئەوەندەی هەلوکی مەیدانی شەڕبازی نەتەوەکانی دیکە بووە نیو هەندە بۆ خۆی نەبووە دیارترین نموونە شەڕی چاڵدێران ١٥١٤ شاو سولتان هەردوولا سوپاکەیان لە سوارەی کورد جمەی دەهات " ئەگەر مێژووی کوردو کوردستانو شۆڕشو بە ئاگاهاتنەوە بەرینە پێشتر ئەوا مێژووی کوردایەتی و بۆ کوردایەتی کار کردن درەنگترە ، ئەمە جگە لەوەی چەندین جار هەنگاوەکان بە ئاقاری دیکەدا براون لەم دەروازەیەوە گوزەرێکی بە پەلە بەلای سیڤەرو پاریسدا دەکەین تاوێک هوشیاری نەتەوەیی کورد ئەخوێنینەوە . لە دەست دانی کەلتوری زەردەشتی وتێک شکانی دەوڵەتی مادەوە ئەو زەمینانەی ڕەخساون هیچیان لە ئاستی سیڤەردا نەبوونە وەک فراوانی و زۆریو جۆری بەشداربوان( ئەمە تەبە کردنی سیڤەر نیە ) .. دەسەلاتی کەریم خانی زەند ١٧٥٢ـ ١٧٧٩ و پێشتر کردە سەربازیەکانی سەلاحەدین و پاشتر ( مەبەست پاشمێژووی دەسەلاتی کریم خانە ؟ میر نشینە کوردیەکان لێرەو لەوێ هەلی زۆر زێرین بوونە لە مێژوودا بۆ سەربەخۆ بوون لە دەست چوونە ( هەلیدیکەش هەڵکەوتوون ) سیڤەر سەرەتایئەم سەدەیەو تا نوکەش بە ئەگەرەکانیشیەوە کە نیشانەی پرسو دوو دڵیو گومانن بە کلیلی قفڵی ئەو گرێیە ئەناسرێ کە شانسیکوردی تیا حەشار دراوە " کلیلەکە لە لۆزان شاردیانەوە " لە پاریس دۆزیانەوە لە ئەستەمبوڵ چنگ ژاندارمە کەوت !! " سیڤەر کوردی وەک نەتەوەیەک بردە سەرخوانی باسو خواسو گەر بۆ بەرژەوەندیو ( سیاسەتیش) بێ گەورەکان ناویان هێناو گرتیان بە دەستەوە . هەروەها جوڵەیەکیش کەوتە بزووتنەوەی کوردی ئەو رۆژگارەوە و بۆ تاویک ئاهی خۆشی بە گەروی کوردا گەڕا . هەر چەندە لەم دەورو زەمانەشدا فاکتەر ( هۆکار ) زۆر بوون بۆ فریا نەکەوتنی کوردانو نەبەستنی پشتوێنی کوردەواری، لەناو هەموو دەنگەکانیشدا یەک دەنگی کورد دیاری نەبوو.. شەریف پاشاتەنیا باڵ بوو ، نامەکەی مەلیک کەوتە بۆسەوە ، کورد بەپرۆژەو بەرنامەیەکی تێرەوە ئەندامی کۆم بونەکە نەبوو، وەک ئێستا دیاریکردنی چارەنوسەکە درابووە کەسانی دیکە ئەمانەو چەندین وردە کاری دیکەبونە هۆی ئەوەی

کورد سودگلە سیڤەر نەبینیو لەدوایی سێ ساڵ "١٩٢٣" لە لۆزان کرا بەداردا و ئەم جارە بەئەگەرو بێ ئەگەر بەلای کوردا نەچون.. بەندەکانی "٦٢، ٦٣، ٦٤"یش کە لە سیڤەردا تایبەتی بون بەکورد کاڵ بونەوە.....

هوشیاری سیاسی تورکو گەلە دراوسێکانی دیکە لەو ماوەیەدا بە شێوەکی باش پەرەی سەندبوو بەرابەر ئەم پەرەسەندنو پێشکەوتنە هەنگاوەکانی کورد ئەگەڕانەوە سەر برینی سیڤەر لەو زەمانوزەمینە لە بارەدا زیانێکی گەورەبوو لە کوردەواری کەوت.... زیانێک ئێستاش لەگەڵ پربونەوە . بەوردی خوێندنەوەو ئەم دیوو ئەو دیوو کردنی پەڕەکانی ئەو رۆژگارە بۆمان دەرەخات کورد سازی سیڤەر نەبوو ، بەدویدا نەچو هەرچەندە راستەو راست خۆی بەتاڵی نەکردەوە وەک ئەوەی پاریس، بەداخەوە ئێستا ( ئەوساش بۆ هەلەزیرینەکانو بۆ دەنگەوە چونی یەکدی یەک دەنگی کوردی و یەککرتویی کوردی نەبوو بۆ نموونە لە سەردەمی مەلیک مەحمود لێرەو لەوێ سەرەک هۆزو گەورە هەبوون ناچونە ژێر چەتری مەلیکو خزمەتیان ناخستە بەرژەوەندی کوردەوەنەک هەر ئەوەندە هەبون دەیانگوت ( پیاوی مەلیک لاقی هەلهینێ دەیبرینەوە!! ) مەلیک خۆشی ئەگەر دەوروبەر بەرپرسیاریەتی بە وردی نەخوێندنەوەی ئەو زەمانو رۆژگارەیان دەکەوێتە سەر .. ئیدی ئەوە بۆ دەمێکی کە، ئێستا پاش "٧٥" ساڵی مشت بەسەرسەربرینی سیڤەردا بەدەستی دوژمنانو بە پیرەوە نەچونی کورد خۆی ئەمجارە رێکەوتنی پاریس رەخسا لەمەیاندا کورد خۆی بەپلەی یەکەم بوو بە هۆکاری بە ئاکام نەگەیشتنی هەرچەندە لە نێوان سیڤەرو پاریسدا جیاوازی زۆرە " پاریس لە سەر پارچەیەکی بچوکی کوردستا نێ باشوریتی ، لەکێشەی نێوان دوو حیزبی کوردستانەوە بۆ گوشەکانی دیکە هەنگاو دەنێ هەر چەندە لە روی زەمانەوە یەک لە روی هوشیاری نەتەوەییەوە دوو لەروی بەتەنگەوە هاتنی وەک فەرەنساوە ئەمیان چاکترە لەویان " بەکورتی سیڤەر( پاریس دوو هەلی زێڕینی سەرەتاو کۆتایی ئەم سەدەیە بوون بۆکورد هەڵکەوتن کەچی کورد خۆیی بەپیریانەوە نەچوو ، کەچووش لەدوەمیاندا بۆ سەر برینی بوو !! ئەم بەتەنگەوە نەهاتنە دەگەرێتەوە بۆ دووخاڵی سەرەکی " یەکەم" ناهوشیاری نەتەوایەتی واتە لە نێوان چەکی بەرژەوەندیو ئەقڵدا هەڵبژاردنی چەکی یەکەمو توردانی دووەمیان. " دووهەم" نەبونی جڵەوی شۆڕشەکان بەدەست گشت گەلەوە، واتە لەلایەک بونی جڵەوی شۆڕش بە دەست دەستەیەکەوە و لە لایەک نەبوونی بڕیاری سیاسیو سەربازیو ئابووریو کومەلایەتیو رەوشتیگشتی گەرانەوەی دەرکردنی بڕیاریشی هەر بۆ دەستەی جڵەوی شۆڕش بە دەست !! .. بە داخەوە لە رۆژهەلات بە گشتیو لە کوردستان بە تابەتی بە هۆی پەیوەندیەکی کۆمەلایەتی ناجۆرو بارودۆخێکی پر کێشمە کێشمەوە گەورەکان بە

شێوەیەک پێکەیشتوون کەس نەتوانی لە روویاندا (( نە )) بکاتو، هەموو کردەکانی خۆیان بە راست بزانن‌و وا خوارەوە سەرکوت بکەن ئیدی خوارەوە لایان وابێ " گەورەکان لە هەڵە مەعسومن !! " ئێستا ئەگەر پرسیارێک رووبەرووی سەرانی کوردی ئەو رۆژگارەی سیڤەرو ئێتای پاریسی بکەینەوە کە بۆچی وەلامەکان بەو جۆرە بوون ؟ ئامادە نین بە خۆیان‌بلێن هەڵە بووین !! پاش ئەوەی بە کورتی نەک خاڵ‌و بەندەکانی سیڤەرو پاریس‌و مێژوو نووسینەوە عەقڵەکەمان ( عەقڵی کوردی ) دایە بەرنەشتەرکەریەکی پەلە ، گەیشتینە ئەم راستیەی خوارەوە کە لە هەر دوو بارو زەمانداو لە زۆر دەمی دیکەشدا سەرەڕای ئەوەی کە رۆوناکبیران لە زەمانێکدا پیشنکایەتیان لە ئەستۆ بوو سەرەتا ئاماژەمان پێدا . رۆشنبیری کورد وەک پێویست سەروبۆری بەسەر بارودۆخەکەوە دانەناوە بە تایبەتیش لە هەردوو سەردەمی سیڤەروپاریسدا بۆ هوشیار کردنەوەی تاکی کوردی‌و بۆ بە کۆداچوونەوەی هەڵەکانی ( عەقڵی سیاسی کوردی ) رۆڵی نەگێڕاوە ، رۆشنبیری کورد لای وایە ئەرکەکانی گۆڕانی‌کۆمەلایەتیش لە ئەستۆی سیاسیەکاندایە ، یان هەر خۆی تێکەڵ‌و پێکەڵیەک لە نێوان رۆشنبیرو سیاسی کوردیا دروست بووە . من لەلای خۆمەوە وای بۆ ئەچم نابێ رۆشنبیری کورد لە ئاست هەڵەکانی سیاسی کوردیدا کەرەی شەربەت بێ بۆ کردەکانی دیکەش بەرەو پێشەوە بردن دەبێ تەبا بن گۆڕانی کۆمەلایەتیش لەگەڵدا ، تا گۆڕانی کۆمەلایەتی بنەرەتی دروست نەبێ، زۆر ئاستەنگە کورد هەنگاوێک بڕواتە پێشەوە بۆ دروست بوونی ئەم‌گۆڕانەو تێک‌وپێک شکاندنی کۆت‌و پێوەندەکانی بیرو ئاوەزی کوردی ، گەلی کورد تیودۆر هرتزلێکی پێویستە ، تیودۆر هرتزلێک ، دەوڵەتی کوردی بنوسێ و بناغەی دەوڵەتی کوردی دابنێ ، دوور لە هەموو هەڵچونێکی دینی‌و نەتەوایەتی دەبێ دان بەوەدا بنێین پێویستیمان بە مامۆستایەکی زرنگە بۆ دەرچوون لەم قەیرانانە بەش بە خۆشم ئومێدی‌گەورەم بە بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی هەیە بە مەرجێک کۆنگرەی‌نەتەوەیی تەنیا بۆ سەرانی سیاسی نەبێ‌و رووناکبیران دوورەپەرێز ، پێویستە ببین بە خۆمان ، جارێکی تر خوێندنەوەی مێژوو پیا چوونەوەی مێژوو ، وورد بونەوە لە مێژوو شۆڕ بونەوە بە مێژوودا و نووسینەوەی مێژوو ئەرکی سەرەکی و گشتیمانە ،چونکە هێشتان ئێمە لە دەرەوەی ئەلفی مێژوودایین ، گەر نا بۆ دەستی کورد بۆ کوشینی هەموو دەستێکی بیگانە بە دۆست‌و دوژمنەوە ئامادەیەو بۆ کوشینی دەستی کورد نا .....؟!!

سەرهەڵدانی قوتابخانەی سوریالی یەکێک بوو لە دیاردە کاریگەرەکانی پاشکۆی جەنگی جیهانی یەکەم کە تایبەتمەندی خۆی هەبوو ئەو قوتابخانەیە بەیاننامەی یەکەمی خۆی ساڵی ١٩٢٤ دەرکرد . بنەمای بیرۆکەی سەرهەڵدانی لەوێوە دەست پێ دەکات کە جیهانیکی ناوەوە هەیە هیچ کەم ڕاستر و کەم واقعی تر نیەولەو جیهانەی کە هەستی هاوبەش بە جیهانیکی واقیعی وبابەتی دائەنێت ، ئەویش دنیای - دڵە ڕاوکێی ناوەوەی مرۆیە - ئەم قوتابخانەیە وێرای ئەنجامدانی کۆمەڵێک خزمەتی چاک بە درێژایی مێژووی ١٩٢٠ - ١٩٤٧ . بەلام یەکێک لە چارەسەرەکانی بۆ ئەو دڵە ڕاوکێیە ، هەڵاتن بوو لە واقیع بە دەست کرد کردنی کەشێکی شێتایەتی و وەڕینە بە تلیاکو مەی نۆشی بە ڕادەیەک بە شانو باڵی بەرهەمی شێتو گێلەکانیاندا هەڵ ئەدا بە بۆچوونێک کە ئەوان واتە شێتو گێلەکان ( ڕاستی ناوەوە روون تر دەبینن لە ساغەکان ) .

گەرچی دادایزمەکان لە تەک فرۆید دا لەبەر ئەوەی لە روانگەی ئەوانەوە تیدەکۆشی بۆ پاراستنی سیستەمی بۆرژوازی بە داواکردنی یارمەتی دانی مرۆڤ بۆ ڕاهاتن لەگەڵ دۆخی کومەڵایەتیدا . بەلام فرۆید نەساز بوو لەگەڵ سوریالیستەکاندا هەتا ساڵی ١٩٣٨ ، لە مانگی گەلاوێژی هەمان ساڵدا ( ستیفان زەڤایج ) و ( سلڤادۆردالی ) بە دوو تـۆڵی چوونە دیداری فرۆید . یەک ڕۆژ دوای ئەو دیدارە ( فرۆید ) نامەیەکی ئاراستەی ( زەڤاریج ) کرد و ووتی : (( قەرزارتم سەبارەت بە هێنانی ئەو میوانەی دوێنێ ....

بەلای ئەوەدا بووم سوریالیستەکان هەر چەندە منیان بە گەورەی پیرۆزی خویاندا ئەنا .... کە سەرجەم بە شێتیان بزانم یان پوختەتر ٩٥٪ ... بەلام ئەو گەنجە ئەسپانیە - سلڤادور دالی- بە لە ڕوویەتیەوئەو دوو چاوە پڕ لە دڵگەرمیەو توانستی تەکنیکێ کە هەرگیز ڕەت ناکرێتەوە ... ڕای گۆڕیم وا دەرئەکەوێ پێویستو خوشیشە بەرهەمە هونەریەکانی شیکار بکەین ) .

فەیلەسوفی سوریالستەکان ( ئەندریە بریتۆن ) وای ئەبینێ کە دادایزم گەیشتۆتە کۆتایی پەرەسەندنی وەک کەشتیەک لە کارەساتێکا شکاو نقومی دەریا بوو ... بۆیە پێی لەسەر گەڕان وە دوای دۆزینەوەی ڕێبازێکی نوێدا دا ئەگرت ، هەروەها بەرپرسیاری باوکێتی سوریالیزمی دەگێڕایەوە بۆ ( سیگمۆند فرۆید ) ئەویشی بە ڕاشکاوی لە بەرنامەی یەکەمی سوریالیزمدا باس کردوە کە چواردە ساڵ پێش ئەودیدارەی فرۆیدو سلڤادور دالی دەرچووەو ئەڵێ : ( زۆر روونەو بە ڕێکەوتێکی

مەزن روناکی خرایە سەر ئەو پارچەیەلە جیهانی عەقلْ . مەبەست
- ئەودیوی هەستە - بەڵای منیشەوە ئەو چمکە کە ئەوانی تر گرنگیان پیّ نەداوە گرنگیەکی مەزنی هەیە ... هەر بۆیە دەبیّ سوپاسی فروّید بکەین لەسەر ئەو دۆزینەوە مەزنە ) .
ئەم دۆزینەوەیە ( پانتاییەکان ) نوێیە لە بوونی مرۆڤدا بەو جۆرەی فروّید باسی لێوەکردئەو کە ئەلکسا بو بە ( منطق ) و (عقلْ ) وە سوریالیستەکانی بزواندو بە دۆزێکی مەزنو قەبەیان لە قەڵەم دا بۆ شۆر بوونەوە بە ناخو دەروونی مرۆڤدا و یارمەتی دان بۆ دۆزینەوەی واتاو زیندووی ووشەکان بە تایبەت لە بواری ئەدەبدا ، چۆن ئەوان لایان وایە کە مرۆڤ ( چەند سەدەیەکی بەسەر بردوە لە ژیانیدا هەوڵی ئەوە دەدا لەو دنیا واقیعیەو حەقیقەتەکانی بکات ، جا ئەم دوزینەوە نوێیە ئامانجێکی گەورەی بەدی هێنابیّ یا بچووک بە بەها بێت یا بیّ بەها ، گرنگ ئەوەیە لەوە پێش بە هیچ جۆرێک ئەو دنیایەی ناوەوە پەی پیّ نەبراوە وپێیدا شۆر نەبونەتەوە ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە لەو دەرگا جەنجاڵە بدرێتو هەموو نهێنییەکانی تاوتوێو واڵا بکرێت )
بیروکەی سوریالیزم هەر وەکو ( بریتوّن ) باسی لێوە دەکات بە ئاسانی هەر تەنها ئەوە نیە هەوڵی گێڕانەوەی هەموو وزەیدەروونیمان بدەین بە هۆکاریک تەنها شۆربونەوەیەکی خێرا بە خودی خۆمانا و رووناکیەکی پوخت خستنە سەر کونجە نهێنییەکان و هێدی هێدی تاریک کردنی جێگاکانی ترو پیاسە کردنێکی هەتا هەتای لە ناو جەرگەی ناوچە قەدەغە کراوەکەدا ) .
هەروەها ئەڵیّ : ( جێی خۆی بوو کە فروّید باسەکانی خۆی رووله خەون کرد زۆر نابەجێیە ئەو پارچە مەزنە لە چالاکی دەروونی لای لێنەکرێتە وە بە کەمی نەبیّ ) .
بەم شێوەیە سوریالیستەکان چاکیان بە دارا کرد بۆ دۆزینەوەو تاوتویّ کردنی - ئەودیوی هەست - جێگای دوو غەریزەی مرۆڤو ژیان ئامانو دنیای گفتۆبیرۆکەو وورینەی سوریالستەکان ، ئەویش بە دوو رێگای سەرەکی یەکەم لە خۆوە - التلقائیە Automatism و ئەوی تریشیان خەون Dream بێگومان ئەو دوو رێگایەش تەبان لەگەل تەکنیکەکانی شیکاری دەروونی یەکەم لە خۆوەی ئازاد ( Free association ) و شیکاری خەون
بەو شێوەیە سوریالستەکان ئەودوو رێگایەیان بەکار دەهێنا بۆ دەرباز بوون لە دەستەڵاتو کاریگەری هەست . ئەزموونی دوو شێوەکاری سوریالی بەڵگەی ئەو باسەن .
یەکەم خوان میرۆ لەبارەی تابلۆی ( لە دایک بوونی جیهان ) ١٩٢٤

نیگـــــار دەڵی : ( كاتێ كە Birth of the World

دەكێشم بەوە دەست پێ ناكەم بڕیار دەم نیگاری چی بكێشم بە ..مــن دەست پێ ئەكەم خەریكی تابلۆكەم ئەبم هەتا ووردە ووردە وێنەكــــان خۆیان بەرجەستە ئەكەن یان خۆیان ئەنوێنن لە ژێر پەرەمووچەكەمــا فۆرمەكە دەبێتە نیشانەی ژنێك یا باڵندەیەك ...... قۆناغی یەكــــەم ئازادو نا هەستیە ...... قۆناغی دووەمیش كۆكردنەوەیەكە بــــە ووردی ئەنجام دەدرێ ) .

دووەم :(ســـاسۆن ) ی بە زیرەكیو خوێندنەوە بەر فراوان نزیك بــە تیۆریستی سوریالیزم و فەیلەسوفــە كەیەوە ( بریتۆن ) ڕێگای ـ لــە خووەی ـ پەیرەو ئەكرد دەستو پێنووسەكەی ڕەها ئازاد دەكرد لەســەر پەرەی نیگار كێشانەكە هەتا خەیاڵێكی تیا بەدی ئەكرد پاشان ئــەو خەیاڵەی نەشونما پێ ئەكرد .

بەڵام ساسون بۆیدەركەوت ئەو ڕێگایە جۆرێكە لە خۆگێل كــردن و دەبێتە هۆی نەزۆكی بۆیە پاش ساڵانێكی كەم دەستی لێهەڵگرت .



ماكس ارنست - ١٩٢٤ تابلۆیەك لە بەرهەمەكانی خۆی [illegible]

سەرچاوە

١. حسين قاسم صالح: الابداع في الفن ١٩٨١

# باتاوێك-لای چەمچەماڵ بوەستین

خوێنەرانی بەرێز

عەدنان رەووف قادر

ئەم بابەتەی لەبەر دەستدایە ، کورتە باسێکە دەربارەی میـــژووی چەمچەماڵ ، کە برای نووسەر مێژووی دروست بوونی دەگەڕێنێتەوە بـۆ ساڵی (١٨٣٦) بەڵام ئیمە وەک دەستەی نووسەرانی ئەم گوقـــــارە پیمان وایە مێژووی دروست بوونی چەمچەماڵزۆر لەوە کۆنترە بۆیــــە ئەم بابەتە بڵاو دەکەینەوە. بە مەبەستی واڵا کردنی دەرگای گفتوگـــــۆ لە لایەن شارەزایانو مێژوو نووسانەوە. سەبارەت بە مێژووی ئـەم شارە.

دەستەی نووسەران

---

چەمچەماڵ بازێرێکی ناو جەرگەی گەرمیانەو دوو ناحیەی ئاغجلەر و سەنگاوو ( ٢١٥ ) دێی لەسەرە . رۆژهەڵاتی خاکی سلێمانیو رۆژئاوای ناوچەی کەرکوکە .. ژووروی خاکی هەولێرو لای خوارووی ناوچـــەی کفریە ، چەمچەماڵ لەسەر دەمی بابانیەکاندا پارچەیەک بووە لــــە خاکی سلێمانیو فەرمانرەوای بابان کاروباری هەڵسوڕاندوە .
لە ساڵی ( ١٨٥٦ ) دا عوسمانیەکان خاکی سلیمانیان داگیر کـــردو چەمچەماڵ هەر بە بەشێک لە سلێمانی دەژمێردرا .. بەڵام کاتێک کــە بەریتانیا ئەم ناوچەیەی داگیر کرد ، چەمچەماڵیکرد بـە بەشێک لــە پاریزگای کەرکوک .. دوای ئەوە جارێکی تر حزبی بەعس خستیەوە سەر سلێمانیو کردی بە سنووری ئۆتۆنۆمی بە مەبەستی دابڕینی کەرکـــوک لە کوردستان .. دواتر حکومەتی هەرێمی کوردستان کردیەوە بە قەزایەک لە پاریزگای کەرکوک ..
چەمچەماڵ یەکەمین بناغەی لە ساڵی ( ١٨٣٦ ) دا لە لایـــــەن ( سلێمان ئاغای ) هەمەوەندەوە دانراوە . سەرەتا کەپرێکو پاشـــان خانوێکی لەسەر تەڵی سپی حەساردروست کردوە .. پاشان حکومەتــــی عوسمانی بە رەسمیبڕیاری دروست کردنی قەزای چەمچەماڵی داوەو لــە لانیکـــانی دەورو پشتیەوە ماڵی بۆ هێناوە ..

( نـــاوی چەمچەمـــاڵ )

دەربارەی ناوی چەمچەماڵ بیروڕای جیاواز هەن . هەنـــدێک دەڵێن لە چەمی جەماڵەوە هاتووە ، هەندێکی تر پێیان وایە لە چەمــــــی جۆماڵەوە دروست بوبێ . هەشن دەڵێن چەمچەماڵ سەرەتا ماڵێک بووە لە نێوان دوو چەمدا لەبەر ئەوە پێیان ووتوە ( چەم .. چەم.مـــاڵ ).
مامۆستا ئەسیریش دەفەرمووێ : لە چەمی چەنـــد ماڵەوە هاتووە .

بەڵام راستیەکەی ناوی چەمچەماڵ لە چەمچەماڵ زەمینی کەرماشانە وە وەرگیراوە .. کاتێک هۆزی هەمەوەند لە ئێرانەوە ئاوارەی ئەم دیو بوون ، سۆزو نیشتمان پەروەریان بۆ چەمچەماڵ زەمین وایلێکردن ئەم شارەیش ( کەئەوان دروستیان کردبوو ) . بە ناوی چەمچەماڵەکەی خۆ یانەوە ناو بنێن کە ئێستا لە کۆماری ئیسلامی ئێران بە ( سولتان ئاباد ) ناو دەبرێ .

( ژیانی ئابووری )

چەمچەماڵ لەبەر ئەوەی زەوی و زارێکی بە پیت و ئاووهەوایەکی لەباری هەیە بۆ کشتوکاڵ . دانەوێڵەو چەڵتوکو سەوزەو میوەی بە چاکی لێ دەروێ ، دانیشتوانی بە زۆری پشتیان بە کشتوکاڵو ئاژەڵداری بەستووە ..

چەمچەماڵ کارگەو پیشەسازیەکی دەستکردی وای تیا نیە کە مایەی بژێوی خەڵکەکەی بن . هەر چەندە ( کان )ی زۆر بە نرخ و نایابی تیایە وەکو ( نەوت ، گوگرد ، خەڵوزی بەرد ، لیمۆندزی هتد) بەڵام هەتا ئێستا سوودیان لێنەبینراوە .

( شوێنەوارە گرنگەکانی چەمچەماڵ )

قەڵای چەرمو :

لە ساڵی ( ١٩٤٨ ) دا پرۆفیسۆر ( بریدۆ ) لەگەڵ تیمێکی ئارکیۆلۆجی قەڵای چەرمویان دۆزیەوە پاشان لە ساڵی ( ١٩٥٥ ) تیایدا دەستی بە هەڵکۆڵین کرد .. بریدۆ بۆی دەرکەوت کە چەرموگردێکی دەست کردەو لەسەر گردێکی خوایی دروست کراوە هەر وەکو قەڵای هەولێرو قەڵای کەرکوک .

بریدۆ لە ئەنجامی هەڵکۆڵین ( ١٥ ) چین کونینەی دۆزیەوە کە هەر چینەی هی دەوری ژیانی کۆمەڵێکی سەربەخۆ و جیاواز بووە .

بریدۆ ( ٦٧٥٠ ) ساڵی داناوە بۆ دروست کردنی گلێنەو کل کردن لە قەڵای چەرمودا .. هەروەها زۆربەی زانا ئارکیۆلۆجیەکان لەسەر ئەوە یەکدەگرنەوە کە یەکەمین جار هونەری گلێنەوکل کردن لە قەڵای چەرمو پەیدا بووە ..

قەڵای چەرمو لەگەڵ کەریم شارو لەو شوێنانەن کە دێهاتیان تیا دروست کراوەو ژیانی مرۆڤیان لە کێویەوە ( کە بریتی بووە لە راوشکار و گژو گیا چنین ) بۆ کشتوکاڵو دێهاتو شار دروست کردن گۆڕیووە بەڵکو مرۆڤ لەم پلەیەدا گەیشتۆتە پلەی بزوانیهەستی دەرونو لێکدانەوەو مێشکو ئەقڵ بەکار هێنان ، شایانی باسە یەکەمین پەیکەری هونەری لە جیهاندا لە قەڵای چەرمو دۆزراوەتەوە ، کە تا ئێستا لە مۆزەخانەی بەغدایە .. زاناناارکیۆلۆژیەکان مێژووی ئەم پەیکەرە هونەریە بۆ پێش ( ٨ ) هەزار ساڵ پێشئێستا دەگەڕێننەوە ..

ئەوەی ماوە بڵێین خەڵکی قەڵای چەرمو بروایان بە خوایەتی دایک هەبووەو ژمارەیەکی زۆرخواوەندی دایکیان پەرستووە .
کەواتە بۆ یەکەمین جار تیشکی زێڕینیهونەرو کشتوکاڵ و ماڵداری لە قەڵای چەرمووە هەڵهاتووەو دنیای ڕۆشن کردۆتەوە .

قەڵای سپی حەسار :

بەرزیەکەی ( ٥٠ ) مەتر دەبێتو شاری چەمچەماڵی بە دەوردا دروست کراوە لە چیرۆکو داستانە کۆنەکاندا جاروبار ناوی دەبینرێت پاشماوەی کۆنی وەکو ( گۆزەو چەقۆو دستارو هتد ) تیا دۆزراوەتەوە بەڵام زانا ئارکیۆلۆژیو ئەنثرۆپۆلۆجیەکان هیچی وایان لەسەر نەنووسیوە .

ئەشکەوتی خوێلێن :

ئەم ئەشکەوتە لە دێی خوێلێنەو ئێجگار گەورەیەو ، درێژیەکەی ( ١٠ ) کیلۆمەتر دەبێت ، پاشماوەی ژیانێکی کۆنی پێوە دیارە.بەڵام لەبەر درێژیو بێ پایانی ئەشکەوتەکەو نەبوونی ئامێری پێویست مێژووەکەی دیار نیەو هیچی وای لەبارەوە نەزانراوە .
هەروەها زۆر ئەشکەوتو شوێنی تری وەکو قەڵایسەرگەردانو کەریم شاروو ئەشکەوتی شۆڕاوەو ئادراوە دەکەونە ناوچەیچەمچەماڵەوە کە تا ئێستا دەستی زانستی ئارکیۆلۆژیان پێنەگەیشتووەوبە تاریکی ماونەتەوە .

بەردەبەلەکە :

لە ساڵی ( ١٩٤٩ ) دا ( ناجی الاصیل ) کە مدیری ئەنیکە خانەی بەغدا بوو لە بەردە بەلەکەی دەشتی چەمچەماڵ کە دەکەوێتە سەر ڕێگای نێوان سلێمانی ـ چەمچەماڵ ، هەندێک بەردی داتاشراو کە لە دەوری بەردێکی زل کۆ کراونەتەوە دەدۆزێتەوە .. بە پێی لێکۆڵینەوە دەرکەوتوە کە هی مرۆڤی کێوی بووە چاخی بەردینی هەرە کۆنی نیاندرتاڵە ، کە پلەیەک لە پێش مەیمون پێشکەوتوترە .

شاوو دەریاچە بەناوبانگەکانی چەمچەماڵ

باسەرە ، زێی بچووک ، ئاوە سپی .

شاخو گردە بەرزەکانی چەمچەماڵ

سەگرمە ، هەنجیرە ، بانی مەقان ، شێخ ڕەش ، خاڵخاڵان .

لە کۆتاییدا :

حەز ئەکەم بڵێم ئەم نوسینە لە ( مشتی خەرمانێکیش ) بچووکترە

لەبەر ئەوەی کەمێک پەلەی لێکراوە ، ئەگینا زۆر شت ماوە لەبارەی چەمچەماڵەوە باسی بکەین : لە وانە هۆزو خێڵو تیرەکانی چەمچەماڵ دابو نەریتە تایبەتیەکانی ئەم ناوچەیە ، پیاوو ژنە ناودارەکانیو زۆر شتی تریش .. ئەوەی ماوە بڵێین ئەوەیە کە ئێستا چەمچەماڵ قەزایەکی گەورەی کوردستانەو جموجوڵێکی ئەدەبیو هونەری دڵخۆشکەری تیا دەبینرێ ، هیوادارم لای لێبکرێتەوەو دەستگیرۆیی بکرێت .

ســەرچاوەکان

- رۆژنامەی چەمچەماڵ ـ ماموستا شاکر فتاح
- هاوکاری ژمارە ( ٩٧٢ )
- کاروان ژمارە ( ٦٢ )
- هەروەها سوودم لە دائیرەی کشتوکاڵی چەمچەماڵو بەرێزان کاک کەریمی سەرۆک عەشیرەتی هەمەوەندو مامۆستا نجم سەنگاوی و کاک خالید عەدل وەرگرتووە و سوپاسیان دەکەم .

# چەمچەماڵ لە مێژوودا

سەید هاشم سەید ئەحمەد

شاری چەمچەماڵ لەبەر ئەوەی لە رووی جوگرافیەوە کەوتۆتە نێوان دوو پارێزگای ( کەرکوک ـ سلێمانی ) و لە رووی دیرۆکیشەوە خاوەنی شارستانی چەرموو لە رووی ئابووریشەوە چەندەها کانی نەوتی لێ بووە کە بە(نەوتی کورکەیی ) ناسراوە هەمیشە دەستەڵاتدارانی عێراق و سەرکردەکانی کوردو چەندەها نووسەرو شاعیرو رۆشنبیرانی کورد سەردانیان کردوەو کە لە پیاوێکی وەکو فایق بێکەس چەندین ساڵ مامۆستا بووە لە چەمچەماڵ ، خوێندکارانی فێری زانستو کوردایەتی کردوە کە تاکو ئێستاش چەندین خوێندکاری ئەو ماوەو هەمیشە سرودەکەی ( با هەستین با هەستین ) وەکو یادگارێکی ئەو پیاوە دڵسوزو کورد پەروەرە دەڵێنەوە ، هەروەها مامۆستاو رۆشنبیری کورد شاکر فتاح چەندین ساڵ قایمقامی چەمچەماڵ بوەو لە قوتابخانەی شەوان خۆشی وەکو ماموستایەک دەرسی بە منالانی چەمچەماڵ وتۆتەوە تیپی شانۆی بۆ دامەزاندون کۆمەڵە رۆژنامەیەکیشی بە ناوی ( چەمچەماڵ ) ەوە دەرکردوە ، هەروەها خۆشی چەندین پیاوی ناودارو سەرکردەو نووسەرو رۆشنبیری پیگەیاندوە ، بۆیە منیش دەمەوێت ئەم سەردانانە بۆ مێژووی چەمچەماڵ تۆمار بکەم :

ـ لە ساڵی ١٩٢٢ چەمچەماڵ کرا بە قەزاو رشید صدقی بوو بە قایمقام
ـ لە ساڵی ١٩٣٠ مەلیک فەیسەڵ سەردانی چەمچەماڵی کردوەو چەند سەعاتێک لەگەڵ قایمقامو پیرو ماقوڵانی شاردا گفتوگۆی کردوە .
ـ ١٥ـ ٦ـ ١٩٣٤ مەلیک غازی سەردانی چەمچەماڵی کرد لە دیوانی قایمقامیەتو چاوی بە خەڵک کەوت .
ـ ساڵی ١٩٤٩ مەلیک فەیسەڵی دووەم لەگەڵ خاڵی عبدالالە سەردانی چەمچەماڵیان کرد لەگەڵ قایمقامو خەڵکی شاردا کۆبونەتەوە
ـ ساڵی ١٩٥٤ بۆ جاری دووهەم مەلیک فەیسەڵی دووەم سەردانی شاری کردوە .
ـ چەند جار ( رفیق حلمی ) سەرۆکی حزبی هیوا هاتۆتە شارو لە ماڵی خوالێخۆشبوو سالار ئاغای هەکزیـمیوان بووە .
ـ چەندەها جار مەلیکی کوردستان شێخ‌محمودی حەفید سەردانی شاری کردوە و دواجاریش ساڵی ١٩٥٦ بوو بە هەفتەیەک پێش مردنی .
ـ لە ساڵی ١٩٥٤ صالح جبر سەرۆکی پارتی کۆمەڵەی سۆشیالیست لەگەڵ پارێزەر عبدالهادی الجاری سەریان لە شار داوەو لەگەڵ جەماوەر کوبوتەوە
ـ ساڵی ١٩٦٤ زەعیم روکن رشید مصلح دادوەری سوپای گشتی سەردانی شاری کردوە .
ـ ساڵی١٩٦٦ عبدالکریم هانی وەزیری‌کارو کاروباری کۆمەڵایەتی سەردانی شاری کردوە .
ـ ساڵی ١٩٥٦ خەڵکی چەمچەماڵ پێشەوازی گەرمیان لە تەرمی پیرۆزی شێخ محمود کرد
ـ لە ساڵی ١٩٦٩ چەندین جار بەرێز مام جلال سەردانی شاری کردوە .
ـ ساڵی ١٩٦٧ عبدارحمن عارف هاتۆتە چەمچەماڵو ووتاری پێشکەش بە خەڵکی شار کردوە
ـ ساڵی ١٩٧٠ خەڵکی شار پێشەوازیان لە تەرمی شێخ لطیف حەفید کرد .
ـ لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠ـ ١٩٩٢ مسعود بارزانی چەندین جار هاتۆتە چەمچەماڵ .
ـ ساڵی ١٩٧١ وەزیری شارەوانی ( احسان شێرزاد ) هاتۆتە چەمچەماڵ

هەروەها ئەم نووسەرو ئەدیبانە سەردانی چەمچەماڵیان کردوە :
علاءالدین سوجادی ، شێخ محمدی خال ، شێخ سەلامی شاعیر ، قانع ، محمدامین‌زکی بەگ ، معروف جیاوک ، گۆران ، پیرەمێرد ، فەقێ قادری هەمەوەند، شێخ رەزای تاڵەبانی ، مصطفی صالح کریم ، دکتور عزالدین مصطفی رسوڵ ، شێرکو بێکەس ، عبداللە پەشێو ، لطیف هەڵمەت ،

# سوپاس و پێزانینمان بۆ بەڕێزان

* مەلبەندی دووی ڕێکخستنی کەرکوک ( ت.ن.ك )
* ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی
*
*

## که هاوکاری زۆریان کردین

## له چاپکردنی ئه م گۆڤاره دا

- ڕێکخستنی [illegible] سابیر

- **نه خشه ی به رگ**

**هونه رمه ند غازی محه مه د**

هەواڵنامەی کتێب

# ARAN



ناونیشان

گۆڤاری ئاران ـ چەمچەماڵ

بازاڕی جەلال قەساب . نوسینگەی میدیاو هۆزان